چیرۆک لە کەلەپووری نەتەوەکانەوە

# خەناوکە



وەرگێڕانی

**موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی**



# خەناوکە

## چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری لە کەلتووری نەتەوەکانەوە

وەرگێڕانی

موکەڕەم ڕەشید

تاڵەبانی

ناوی پەرتووک : خەناوکە
وەرگێڕ: موکەڕەم ڕەشید تالەبانی
دیزاینی بەرگ: کارزان سەعدی / لە مەریوان گرافیك .
دیزاینی ناوەوە: ئەحمەد سلێمان / لە مەریوان گرافیك .
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ساڵی چاپ: ٢٠١٠
چاپی : یەکەم
چاپ: چاپخانەی شەهاب - هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (٩٢٨)ی
ساڵی ٢٠١٠ی پێدراوە

نرخی (2500) دینارە

# بەرایی

خوێنەری بەڕێز


ئەم چەند چیرۆکە فۆلکلۆرییانەی بەردەستت لە شوێنی جیا جیا و لەناو گەلان و کۆمەڵی جیاجیادا باوو بڵاون و هەر شوێنەو بە جۆرێك دەیانگێڕنەوە، هەشیانە تایبەت بە میللەتانی دنیان و لەو سەرچاوانەوە ئامادەکراون و بە کوردی داڕێژراونەتەوە کە لە پەراوێزی چیرۆکەکاندا تۆمارکراون و ئاماژەیان پێ کراوە، ئێمەیش ئەوەمان بەباش زانی ئەم بەرهەمە کە ماوەیەکە بە ئامادەکردن و داڕشتنیانەوە خەریك و سەرقاڵین بخەینە بەردەستی تۆی خۆشەویست و نێو پەرتووکخانەی کوردییەوە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت لە فەوتان ڕزگار بن و سوود بەوانە بگەیەنن کە دەیانخوێننەوە.

هیواداریین لەم کۆششەماندا سەرکەتوو بین.

موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

٢٠٠٩/٣/٢٦

# باخەکەی شالیار



# باخەکەی شالیار

هەبوو نەبوو، سالآنی زوو، لە خوا گەورەتر نەبوو

پاشایەك هەبوو ، ناوبانگی جوانیی ژنە شالیارێکی خۆی بەر گوێ کەوتبوو، بۆیە زۆری ئارەزوو دەکرد بیبینێت، ڕۆژێکیان خۆی نەخۆش دەخات و بە دوای شالیاردا دەنێرێت و کاروبارو جڵەوی وڵاتی پێدەسپێرێت و ڕادەگەیەنێت کە ناتوانێت لە کۆشکی پاشایەتی بچێتە دەرەوە، دواتر بە نهێنی کۆشك بەجێ دەهێڵێت و، ڕوو دەکاتە ماڵی شالیار، هاوسەری شالیار لەم سەردانەی پاشا سەری سوڕدەمێنێت، بەڵام ناچار دەبێت پێشوازی لێ بکات، دەیەوێت داوا لە کەنیزەو بەردەستەکان بکات شوێنێکی تایبەتی بۆ ڕێك بخەن، بەڵام پاشا تکای لێ دەکات نهێنی ئەم سەردانەی بپارێزێت و کەسی لێ ئاگەدار نەکاتەوەو ، داوایشی لێدەکات لە ژووری مێردەکەیدا میوانداری بکات، ئەویش چی دەوێت وای بۆ دەکات، خۆشترین خواردن و خواردنەوەی بۆ ئامادە دەکات.

پاشا وردە وردە دەمەتەقێ و ئاخافتنی لەگەڵدا گەرم دەکات ، دەست بە ستایشکردنی سیسەم و نوێنی ژووری مێردەکەی دەکات و ، بە باڵای جوانی و شیرینیدا هەڵدەڵێت و دەڵێت چێشتێکی جوان

لیَ دەنێیت ، دواتر ئیرەیی خۆی بەرانبەر بە شالیار دەردەبڕێت بۆ ئەو هاوسەرە جوانەی هەیەتی . پاشان داوای لێدەکات لەسەر نوێنی مێردەکەی راکشێت ، بۆیە ناچار دەبێت رێی پێ بدات، ئەویش رادەکشێت و، ژنەیش خۆشترین میوەی پێشکەش دەکات و دەیەوێت بە خواردن سەرقاڵی بکات و، ئەو نیازەی لە یاد بباتەوە کە لە دڵیدایەو، هەستی پێکردبوو کە دەیەوێت بەدی بهێنێت .

دواتر داوای لێدەکات پەرداخێکی مەی پڕاوپڕ لە بەفری بۆ بهێنێت، ئەویش پەرداخێکی نایاب و ناسك و تەنکی بۆ دەهێنێت، پاشا سەرسوڕمانی خۆی دەربارەی پەرداخەکە دەردەبڕێت و ، بە دەستەسڕە تایبەتییەکەی خۆی لێی وەردەگرێت و فڕێکی لێدەدات و دەیداتەوە دەستی، ئەویش یەکسەر فڕێی دەداتە سەر عەردو هەپروون بە هەپروون دەبێت، هەر پارچەیەکی لە قوژبنێکدا دەگیرسێتەوە .

پاشا لەو کارەی ژنە سەری سوڕدەمێنێت، پرسیاری لێدەکات بۆچی وای کرد، ئەویش وەڵامی دەداتەوە : (پەرداخێك شێر لێی بخواتەوە نابێت سەگ بیلەوتێنێت)، پاشا تووڕە دەبێت، یەکسەر هەڵدەستێت و دەچێتە دەرەوەو ئوقرەی لێ دەبڕێت .

دوای نیوەڕۆ، کوڕی پاشا چۆڵ دەبێت، شالیار دەگەڕێتەوە ماڵەوە، داوای خواردن و خواردنەوە دەکات و روو دەکاتە ژووری نوستن تا لەسەر نوێنەکەی راکشێت، دەستەسڕەکەی پاشا دەبینێت

و سەری سوورِدەمێنێت، بەڵام ئەو رووداوە لە دڵ دەگرێت و دەستەسرِەکە لە شوێنێك دەشارێتەوە کەس دەستی پێنەکەوێت، برِیاریش دەدات ژنەکەی بەجێ بهێڵێت، کەسیش لەو رِووداوە ئاگەدار ناکاتەوە .

رۆژگار دێت و دەچێت، پاشاو شالیار لە کۆشکدا یەکدی دەبینن، پێکەوە کاروباری وڵات بەرِێوە دەبەن و، هەر یەکەیان خۆی لە چاوو تێرِوانینی ئەوی دیکە دەبوارێت .

رِۆژان درێژ دەبنەوەو ، مانگان تێپدەپەرِن، نزیکەی ساڵێك دەخایەنێت، ژنەکە بێزار دەبێت، سکاڵا دەباتە لای براکەی و، باسی سەردانەکەی پاشای بۆ دەکات، هەروەها باسی ئەوەیشی بۆ دەکات کە مێردەکەی بەجێی هێشتووە، تکایشی لێدەکات ئەو بابەتە بۆ پاشاو وەزیر بەرز بکاتەوە، بێ ئەوەی ئاگەی لە مەسەلەی دەستەسرِەکە ببێت، بێ تاوانی خۆیشی بۆ براکەیشی دووپات دەکاتەوە.

برای ژنە دەچێتە کۆشکی پاشاو، داوا دەکات پاشاو وەزیر ببینێت، کە لەبەردەم هەردووکیاندا ئامادە دەبێت، دەبینێت هەموو گەورە پیاوانی کۆشك لەوێ ئامادەن، کە گەورە دادوەرو زاناو فەرماندەیان لە نێواندا دەبینرێت، نازانێت چۆن بابەتەکە باس بکات، دوودڵ دەبێت، بەڵام ئەوەندە ناخایەنێت رووی دەمی دەکاتە پاشاو دەڵێت :

- باشترین باخت بە شالیار بەخشیوە، کە بە درەخت و دار، جوان جوان خەملیوە، بەرو بوومی مزرو ترش و شیرین دەبەخشن، لێ پشتی تێکردووەو، بەجێی هێشتووە.


شالیار لە مەبەستی دەگات و یەکسەر وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت : (کەسێك چووەتە ناو باخەکەو دەستی تێوەرداوە، رەگ و ڕیشەی درەختی هەڵکێشاوە ).

یەکسەر پاشا لە مەبەستەکەی دەگات و دەڵێت : (کەس توخنی نەکەوتووە، تەنیا هەڵۆیەك بە ئاسمانی باخەکەدا فڕیوە، نەنیشتووەتەوەو تێپەڕیوە ).

ئیدی ئەو دیدارە بە کۆتا دێت و هەر کەسەو دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی.

پاش ئەوە شالیار دەگەڕێتەوە لای هاوسەرەکەی و لەوە دڵنیا دەبێت، کە هیچ تاوانێکی نەکردووەو دڵی لە پاشایش پاك دەبێتەوەو، ئیدی چاویان لە چاوی یەکدی نەدەتوروکاندو نەدەبوارد، بە تایبەتی پاش ئەوەی دەستەسڕەکە بۆ پاشا دەگێڕێتەوە .

# خەناوكە



# خەناوکە

هەبوو نەبوو سالانی زۆر زوو پاشایەك هەبوو، سێ کوڕو سێ کچی هەبوو، زۆر بە باشی بەخێوی دەکردن و دەیویست فێری ڕەوشت بەرزی و سۆزو خۆشەویستییان بکات، لەسەرە مەرگدا هەر سێ کوڕەکەی ڕادەسپێرێت هەرکە مرد، خوشکەکانیان بە یەکەمین کەس بە مێرد بدەن کە داخوازییان دەکەن، هەر سێ براکە بەڵێن دەدەن ئەو داخوازییە بەدی بێنن، پاش مردنی پاشا کوڕە گەورەکەی شوێنی بابی دەگرێتەوەو، برا ناوەندەکەی دەکاتە وەزیری دەستە راست و برا بچووکەکەیش دەکاتە وەزیری دستەچەپ و، ئیدی ژیانێکی ئاسوودە بسەر دەبەن و دەگوزەرێنن.

ڕۆژێکیان پیاوێکی شرۆڵ و ناشیرین دێت داخوزای خوشکە گەورەکەیان لێدەکات، کە برا گەورەکە لێی دەپرسێت چ کارەیت، لە وەلامدا دەڵێت لە ولاتێکی دوور لە گەرماودا کاردەکات، برا گەورەکە تووڕە دەبێت و، سوێند دەخوات کە خوشکەکەی پێ نادات ئەگەر پێستیشی بگروون، برای ناوەندیش لایەنگیری لێ دەکات و سوێند دەخوات کە خوشکەکەی پێ نادات ئەگەر گۆشتی گیانی توێ توێ بکەن، بەلام برا بچووکەکەیان دێتە ناو باسەکەوەو

راسپاردەکەی باوکیان بیر هەردوو براکەی دەخاتەوەو، داوایان لێ دەکات بەڵێنەکە بەجێ بهێنن، هەر یەك لە دوو براکە هەست بە شەرمەزاری دەکەن و ناچار دەبن قایل بن و لەماوەی چەند رۆژێکدا خوشکە گەورەکە ئامادە دەکەن و بۆ پیاوە نەناسراوەکەی مارە دەبڕن و زەماوەندو شایی بۆ دەگێڕن، ئەویش دوای چەند رۆژێك دەستی دەگرێت و بەرەو وڵاتەکەی خۆی بەڕێ دەکەوێت.

رۆژێکی دیکەیش نەناسراوێکی دیکە دێت، بە هەمان شێوەی یەکەمین نەناسراو رەفتاری لەگەڵدا دەکرێت، دواتر نەناسراوێکی دیکە دێت و، بەهەمان شێوەی یەکەم و دووەم نەناسراو رەفتاری لەگەڵدا دەکرێت، بەم شێوەیە هەر سێ خوشکەکە بەبێ ئارەزوو و ویستی هەردوو برا گەورەو ناوەندەکەو قایل بوونی برا بچووکەکەو بە پێی جێبەجێکردنی راسپاردەی باوکیان مێرد دەکەن.

هەردوو برا گەورەو ناوەندەکە کینەو رك بەرانبەر بە برا بچووکەکە هەڵدەگرن و، داوی بۆ دەنێنەوە پیلانی لە دژ دەگێڕن، تا رادەیەك تەنگی پێ هەڵدەچنن حەز نەکات لەناو کۆشکدا بمێنێتەوە، بڕیار دەدات بەشداری لە دەستەڵات نەکات، کۆشك بەجێ دەهێڵێت و بە وڵاتاندا بێ سەرو شوێن، هیچ جێگەیەك بە خۆوەی ناگرێت، بەردەوام ئارەزوو دەکات بچێتە وڵاتێکەوە یەکێك لە خوشکەکانی لێ بێت، تا چاوی پێ بکەوێت و، لە تەندروستی دڵنیا بێت، چونکە نازانێت لە چ وڵاتێك نیشتەجێن.

رۆژێکیـــان رێ بــزر دەکــات و بـــە بیابانـــدا دەڕوات، مامزێـــك دەبینێـــت، لێـــی نزیـــك دەبێتـــەوە، بـــەڵام مامزەکـــە راناچـــڵەکێت و ناترسێت و زۆرتری لێ نزیـك دەبێتـەوە، ئـەویش تێـی دەتـەقێنێت و بـە زمـــانێکی پـــاراو ســـڵاوی لێ دەکـــات، بۆیـــە ئـــەمیش ســـەری ســـوڕ دەمێنێـت و، ئەوینـداری چـاوی جـوان و گـەردنی بێگـەردی دەبێـت و، لـە نزیکیـدا هەسـت بـە ئاسـوودەیی دەکـات و، لێـی دوور ناکەوێتـەوە، بـە هـەر کوێیەکـدا بڕۆشـتبایە دوای دەکـەوت و لـە هـەر کوێیـەك جێگیر بووایە جێگیر دەبـوو. کاتێـك مامزەکـە دڵنیـا دەبێـت گیرۆدەی بووە داوای لێدەکات ببێتـە هـاوڕێی و بـەڵێنی پێـدەدات هەرچـی بوێـت بۆی بەدی بهێنێـت، ئـەویش بـەڵێنی پێـدەدات تـا مـاوە دڵسۆزی بێـت و لێـی دەپارێتـەوە بیباتـە لای خوشـکە گەورەکـەی، بۆیـە ئـەویش داوای لێـدەکات باسـی ئـەویان لـە لا نـەکات و ئـەو نهێنییـە نـەدرکێنێت هەرچـەندە خوشـکەکەی و مێردەکـەی هـەوڵ بـدەن ئـەو نهێنییـە نـەدرکێنێت، دوای دەیخاتـە سـەر پشتی خـۆی و گومبـەتانێ دەدات و بـە چـەند بازێـك کوڕەکـە خـۆی لەبـەردەم کۆشـکێکی بـەرزدا دەبینێتـەوەو لـە سـێبەری کۆشـکەکەدا رۆدەنیـشێت و نازانێـت چـی بکـات و، بـڕوا ناکـات خوشـکەکەی لـەناو ئـەو کۆشـکەدا بـژیت، ماوەیـەکی زۆر دەمێنێتـەودو وەنـەوز زۆری لێ دەسـتێنێت و خـەو پێڵووی قورس دەکات و ئەوەندە نابات خەوی لێ دەکەوێت.

کەنیزەیەك لە کۆشکەکە دێتە دەرەوەو لاوێکی جوان دەبینێت بە تەواوی لە خانم دەکات، یەکسەر بەهەڵەداوان دەچێت و خانم ئاگەدار دەکاتەوە کە لاوێك لە سێبەری کۆشك خەوی لێ کەوتووەو پێی دەڵێت چاوی لە چاوی تۆو ڕوخساری لە روخساری تۆ دەکات، رەنگە برات یان ئامۆزات بێت، خانمیش زۆری پێ سەیر دەبێت، کەنیزەکان دەنێرێت بیهێننە ژوورەوە، کە دێتە ژوورەوە باوەشی پێدا دەکات و دەست بە گریان دەکات و سەری لەوە سوڕدەمێنێت چۆن توانیویەتی بگاتە لای، لێی دەپرسێت ئایە مامزەکە هێناویەتی یان نا، ئەویش دەڵێت مامزی چی، نە مامزی دیوەو نە مامزیش هێناویەتی.

خوشك خۆشترین چێشت بۆ براکەی لێ دەنێت و بە دیداری شادومان دەبێت، دواتر دنیا تاریك دادێت و دەنگی هەورەتریشقەو برووسکە بەرگوێ دەکەوێت، خوشکەکە ترسی لێدەنیشێت، براکەی سەیری پێ دێت، خوشکەکەی پێی دەڵێت ئەوە مێردەکەمە دێتەوە، ئەویش دەپرسێت مێردەکەت کێیە؟ لە وەڵامدا دەڵێت مێردەکەم شای جنۆکە سوورەکانە، پاشان فوو بە براکەیدا دەکات و دەیکاتە مشتۆکەك شیرینەمەنی و لە ناو عەزیەکەیدا دەیشارێتەوە .

مێردەکەی بە تووڕەییەوە دێتە ژوورەوەو پرسیاری لێ دەکات ئایە هیچ ئادەمیزادێك میوانیەتی یان نا، ئەویش نکۆڵی لێ دەکات بەڵام مێردەکەی دەڵێت من بۆنی ئادەمیزاد دەکەم و نکۆڵی دادت

نـــادات، ئـــەویش ناچـــار دەبێـــت بڵێـــت براكـــەم لێرەیـــە، مێـــردەیش ئەوەنـــدەی دیكـــە تـــوورە دەبێـــت و، ســـوێند دەخـــوات ئەگـــەر بـــرا گەورەكەی بێـت ئـەوە كـەوڵی دەكـەنێت، ئەگـەر بـرا ناوەندەكـەی بێـت ئەوە پارچە پارچەی دەكـات، بـەڵام ئەگـەر بـرا بـچووكەكەی بێـت ئـەوە بە باشـترین شـێواز پێـشوازی لێـدەكات، خوشـكەكەیش دڵنیـا دەبێـت و براكـــەی دەگێڕێتـــەوە دۆخـــی جـــاران و، مێردەكـــەی بـــەخێرهاتنێكی باشـی لێـدەكات و بـاوەش بـە یەكدیـدا دەكـەن، پاشـان لێـی دەپرسـێت ئایـــە مامزەكـــە هێناویەتـــە كۆشـــكەكە یـــان نـــا، ئـــەویش نكـــۆڵی لێدەكات، بۆیـە داوای لێـدەكات لـە كۆشـكەكەدا ببێتـە میـوان. براكـە چـەند رۆژێـك لـە مـاڵی خوشـكەكەیدا دەمێنێتـەوەو بـە دیـداری خوشـــكەكەی شـــاد دەبێـــت، كاتێـــك نیـــازی رۆیـــشتن دەكـــات مێـــردی خوشـــكەكەی ســـێ تاڵـــەمووی دەداتـــێ، داوای لێـــدەكات هەركـــە تووشی تەنگانەیەك ببێت بیانسووتێنێت.

لـــە دەرەوەی كۆشـــكەكە مامزەكـــە دەبینێـــت چـــاوەڕوانی دەبێـــت، خـــۆی هەڵدەداتـــە ســـەر پـــشتی، مامزەكـــە چـــەند ســـێبازێك لێـــدەدات و خۆیـــان لـــە دارســـتانەكەدا دەبیننـــەوە كـــە یەكـــەمین جـــاری لێبـــوون، مامزەكـــە لێـــی دەپرســـێت خـــۆ باســـی منـــت لای خوشـــك و مێـــردی خوشـــكەكەت نـــەكردووە، ئـــەویش دەڵێـــت لـــەو بـــارەوە زارم نەترەكاندووەو، دڵسۆزی خـۆی بـۆ دووبـارە دەكاتـەوەو بـەڵێنی دەداتـێ تا ماوە هەرگیز وازی لێ ناهێنێت و دەستی لێ هەڵناگرێت .

پاشـان داوای لێـدەكات بیباتـە لای خوشـكە ناوەندەكـەی، ئـەویش بـە گـوێی دەكـات، هـەمان بەسـەرهاتی لای خوشـكە گەورەكـەی لای خوشـكە ناوەندەكەیـشی دووبـارە دەبێتـەوە، ئـەوەیش دەزانێـت كـە مێردەكـەی شـای جنۆكـە سـەوزەكانە، بـەر لـەوەی خواحـافیزی بكـات سـێ تاڵـەمووی دەداتــێ و، ئاگـەداری دەكاتـەوە هەركـە تووشـی تەنگانــە بێــت بیانــسووتێنێت دوای ئـەویش سـەر لـە خوشـكە بـچووكەكەی دەدات، هـەمان بەسـەرهاتی لای خوشـكە گەورەكـەو خوشـكە ناوەندەكـەی لای خوشـكە بچووكەكەیـشی دووبـارە دەبێتـەوە، لەوێش دەزانێت كـە مێردەكـەی شـای جنۆكـە شینەكانە، بـەر لـەوەیش خواحافیزییـان لێ بكـات سـێ تاڵـەمووی دەداتــێ، پێـی دەڵێـت بیانــسووتێنێت ئەگـەر تووشـی تەنگانەیـەك بێـت. هـەردوو خوشـكە ناوەنـدو بچووكەكەیـشی لـە مامزەكـەی ئاگـەدار دەكەنـەوە نـەك ئـەو هێنابێتیە لایـان، ئـەویش نكـۆڵی دەكـات و دەڵێـت نـە مـامزی دیـوەو نە مامز دەناسێت .

كاتێـك لـە كۆشـكی خوشـكە بـچووكەكەی دێتـە دەرەوە دەبینێـت مامزەكـە چـاوەڕوانی دەكـات، خـۆی هەڵدەداتـە سـەر پـشتی و مامزەكـە چـەند سـێبازێك لێـدەدات و خۆیـان لـە هـەمان دارسـتاندا دەبیننــەوە. سـەرلەنوێ مامزەكـە پرسـیارەكەی لێ دەكاتـەوە ئایـە ئامادەیـە لەگەڵیـدا بمێنێتـەوەو دڵـسۆزی بێـت، ئـەویش هـەمان بـەڵێن دووبارە دەكاتـەوەو دەڵێـت تـا هەتایە دەستی لێ هـەڵناگرێت، هێشتە

لەسەر پشتی دەبێت و ئەویش ڕێ دەکات، لێ لەناکاو بازێکی بەهێز دەدات، کوڕە بەرز دەبێتەوەو دواتر دەکەوێتە خوارەوە خۆی لەناو دەریادا دەبینێتەوە.

ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێت و ئەوەندەی نامێنێت نغرۆ بێت، بەڵام گوڕو تین دەداتە خۆی و بە مەلەوانی دوای شەکت بوون و ماندووبونێکی زۆر خۆی دەگەیەنێتە کەنار دەریاو، لەسەر لمی کەنارەکە رادەکشێت و خەوی لێدەکەوێت.

کە بە ئاگە دێتەوە دوو کۆتر دەبینێت ناکۆکی کەوتووەتە نێوانیانەوەو ئەم دەڵێت کڵاوەکە هی منەو ئەو دەڵێت کڵاوەکە هی منە، تا یەکێکیان هەست بەم دەکات و بەوی دیکە دەڵێت وەرە با ئەم ئادەمیزادە ناوبژیوانیمان بۆ بکات، بەرەو رووی دێن و داوای لێ دەکەن سەبارەت ئەو کڵاوە ناوبژیوانییان لە نێواندا بکات بۆ کامیان ببێت، کە لە باوکیان فەرشێك و چەوگانێك و کڵاوێکیان وەك میرات بۆ ماوەتەوەو، یەکێکیان چەوگانەکەی بەرکەوتووەو ئەوەکەی دیکە مافوورەکەی بەرکەوتووە، لێ لەسەر کڵاوەکە ناکۆکن، ئەویش بەڵێنیان دەداتی ناوبژیوانیان بکات، یەکسەر دەست دەداتە بەردێك و تا هێزی تێدا دەبێت فڕێی دەدات و داوا لە هەردوو کۆترەکە دەکات هەر کامیان زووتر بەردەکە بێنێت کڵاوەکە هی ئەو دەبێت. هەردوو کۆترەکە دوای بەردەکە دەکەون و کڵاوەکەو مافوورەکەو چەوگانەکە بەجێ دەهێڵن، ئەویش مافوورەکە

رادەخـــات و لەسـەری دادەنیـــشێت و کڵاوەکـــە لەســـەر دەکـــات و چـەوگانەکەیش دەگرێتـــە دەستـەوەو داوا لــە مافوورەکــە دەکـات بیباتــە ئەو شوێنەی مامزەکەی لێیەو، هەردوو کۆترەکە بەجێ دەهێڵێت.

مافوورەکــە لــە کۆشـکی مامزەکـەی دادەبــەزێنێت، یەکـسەر دەچـــێتە ژووری نوســـتنەکەیەوەو، کـــەنیزەکان نـــاییبینن، چـــونکە کڵاوەکــەی لەســـەر دەبێـت، کــە روو بــە رووی دەبێتــەوە، پرسـیاری لێ دەکــات بۆچــی هاتووەتــە لای، ئــەویش بــەڵێنی خـۆی بـۆ دووبــارە دەکاتەوە کە ناتوانێت دەستبەرداری ببێت، ئـەو کاتـە دڵـی پـێ خۆش دەبێـــت و راســـتگۆیی وەفـــاداری بـــۆ دەردەکـــەوێت، بۆیـــە لـــە کۆشـکەکەیدا ژوورێکـی تایبـەتی بـۆ تـەرخان دەکـات لێـی نیشتەجێ بێـت، دوای ئـەوە چـل کلیلـی چـل ژووری پـێ دەدات و رێـی پێدەدات بــچێتە نــاو هــەر هــەموو ژوورەکانــەوە تــەنیا یــەك ژووریــان نــەبێت، تکـای لێدەکات هـەرگیز نەچـێتە نـاو ئـەو ژوورەوە، چـەند رۆژێـك لـە کۆشکەکەدا بەسـەر دەبـات و سـەیری ژوورەکـان دەکـات و ئـەو خشڵ و زێڕانــە دەبینێـت کــە تێیانــدان، ئــارەزوو دەکــات دەرگــەی چــلەمین ژووریـش بکاتــەوە . ڕۆژێکیـان ئـارەزوو پـاڵی پێـوە دەنێـت و خـۆی لـە بــەردەم چــلەمین ژووردا دەبینێتــەوە، دەرگــەی دەکاتــەوەو دەچــێتە ژوورەوە، پیاوێــك دەبینێـــت هـــەردوو دەســـتی بـــە دیوارەکـــەوە بەســتراوەتەوە، پیاوەکــە بــستەباڵا دەبێـت، کــە ئــەم دەبینێـت لێـی دەپاڕێتــەوە کۆتەکــەی دەســتی بکاتــەوەو ئــازادی بکــات، ئــەویش

بەزەیی پێیدا دێتەوەو ئازادی دەکات، یەکسەر مامزەکە شوێنەکەی دەگرێتەوە.

پڕ دەداتە بستە بالاکە تا بیکوژێت، ئەویش بە گاڵتەپێکردنەوە پێدەکەنێت و پێی دەڵێت: ناتوانیت بمکوژیت، چونکە رۆحم لە دڵی (ڤیدۆس)دا پارێزراوە، کە حەوت سەری هەیە، مامزەکە دەست بە گریان دەکات و لە لاوەکە دەپاڕێتەوە تا بۆی دەکرێت درێغی نەکات و رۆحی بستە بالاکە لە دڵی (ڤیدۆس)دا وەدەست بێنێت، یەکسەر لاوەکە مافوورەکە رادەخات و داوای لێدەکات بیباتە ئەو شوێنەی (ڤیدۆس)ی دێوی لێیە.

مافوورەکە لەو پەڕی شارۆچکەیەکدا نزیك بە خانۆچکەیەك دایدەبەزێنێت، لە دەرگە دەدات پیرەژنێك دێتە دەرەوە داوای قومێك ئاوی لێدەکات، پیرەژنەکە سەری لێ سوڕدەمێنێت و دەزانێت خەڵکی ئەو ناوچە نییە، پاشان ئاگەداری دەکات کە ئاو لە هەر هەموو بیرەکانی شارۆچکەکەدا نەماوەو، جۆگەکان وشکیان کردووەو، خەڵکی چاوەڕوانن شازادە بگاتە لای ڤیدۆس تا ئاو بگاتە بیرو جۆگەکانی شارۆچکەکە، چونکە ئەو دێوە خۆی بەسەر شارۆچکەکەدا سەپاندووەو بە پێی زەبەلاحی بەردەم ئاوی کانیی چیاکەی گرتووەو خەڵکی وا راهاتوون هەموو بەهارێك جوانترین کچی شارۆچکەکەی پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی بیخوات و بە خواردنیەوە سەرقاڵ بێت و بەردەم ئاوی کانییەکە بەربدات و

ئاوەکــەیش بــەرەو بــیرو جۆگــەکانی شارۆچــکەکە بــڕوات و پڕیــان بکاتەوە، بۆیە ئەم ساڵ شازادەیان بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژاردووە.

کاتێــك لاوەکــە بــەوە دەزانێــت خێــرا خــۆی دەگەیەنێتــە شارۆچــکەکەو، ســەیر دەکــات بــارودۆخ شــلۆقەو، خــەڵك دەگــرین و باوکــە ڕۆیانــە چــونکە شــازادە وەك قوربــانی پێــشکەش دەکرێت، لــە لایەکەی دیکەوە خەڵکی دیکــەی دەبینــی لــە خۆشــی ئــەوەی بــەم زوانــە ئــاو دەگاتــە بیرەکانیــان گۆرانییــان دەچــڕی و هەڵدەپــەڕین، دوایــی کەژاوەیــەك دەبینێــت لــە کۆشــکی پاشــاوە دەهاتــە دەرەوەو، کیژۆڵەیــەکی تێــدابوو، جــل و بــەرگی ئــاڵ و واڵای لەبــەربوو، ســوارێکی دەمامکدار لێی دەخوڕی، یەکــسەر دەزانێت ئــەوە شــازادەیەو، بــۆ ئــەو شــوێنەی دەبــەن کــە (ڤیــدۆس)ی دێــوی لێیــە، بۆیــە دوای کەژاوەکــە دەکــەوێت تــا لــە شارۆچــکەکە دەردەچێت و بــە چــیاکەدا هەڵــدەزنێت، کــە کەژاوەکــە لــە لووتکــەی چــیاکە نزیــك دەبێتــەوە یاوەرەکــان رادەوەســتن و تــەنیا ســوارە دەمامکدارەکــە پــێش شازادە دەکــەوێت تــا بیباتە لای دێوەکــە، کــە لەبەرچــاو ون دەبێــت لاوەکــە رێــی لێ دەگرێــت و شمــشێرەکەی لێ هەڵدەکێــشێت و داوای لێــدەکات واز لــە شــازادە بێنێت بــۆ ئــەوەی بــە خــۆی بیداتــە پــێش خــۆی و بیباتــە لای دێوەکــە، یەکــسەر ســوارەکە وازی لێ دێنێــت و بــە خــۆی بــۆ لای دێوەکــەی دەبات.

کاتێـــك دەگاتـــە ئەشـــکەوتەکەی داوای لێـــدەکات بێتـــە دەرەوەو خۆی پیشان بـدات، دێوەکـە سـەری لـەو کـارە سورِ دەمێنێـت، ئـەوێك پێـشتر لـە رووداوی لـەو جـۆرە رانـەهاتووە، وەلاّمـی دەداتـەوە تـەنیا قوربانیەکـەی بـۆ بـەجێ بێلێـت و بـرِوات، بـەلاّم لاوەکـە لەسـەر داخوازییەکـەی خـۆی سـوور دەبێـت و داوای لێـدەکات خـۆی پیـشان بـدات، دێوەکـە سـەر لـە ئەشـکەوتەکە دەباتـە دەرەوە ئـەویش بـە شمـشێرەکە پێیـدا دەکێـشێت و دەیپـەرِێنێت، دووەمـین سـەری دەباتـە دەرەوە، ئـەویش بەشمـشێرەکە دەیپـەرِێنێت، بـەو شـێوەیە هـەر حـەوت سـەرەکەی دەپـەرِێنێت و، دوایـی ئـاورِ لـە شـازادە دەداتـەوەو داوای لێـدەکات لـەو رێگـەوە هـاتووە، بـەو رێگـەدا برِواتـەوەو لـە هـیچ نەترسـێت، بـە خـۆی دەچـێتە نـاو ئەشـکەوتەکەوەو سـنگی دێوەکـە هەلّـدەدرِێت و دوو شـەقی دەکـات و دلّـی دەردێنێـت و هەلّیـدەدرِێت و قوتوویـەکی بـچووکی تێـدا دەبێت،دەریـدێنێت و لـە ژێـر عـەزیەکەیـدا دەیشارێتەوەو دەگەرِێتەوە شارۆچکەکە.

ئاوی کانییەکـە کـە پـەنگی خواردبـووەوە لەگـەلّ خـوێنی دێوەکـەدا بـیرو جۆگـەکانی شارۆچـکەکە پـرِ دەکـەن، خـەلّکی شـادومان دەبـن، پاشـان کـە شـازادە دەبیـنن لـە چیاکەوە بـە زینـدوویی بـەرەو شارۆچـکەکە دەگەرِێتـەوە ئەوەنـدەی دیکـە دلّخـۆش و شـادومان دەبـن، پاشـایش شارۆچـکەکە دەرازێنێتـەوەو شـایی و هەلّپـەرکێ دەسـت پێدەکات و خەلّکی بانگهێشتی ئـەو خوانانـەی خـواردن دەکـات کـە لـە

گۆڕەپانەکاندا ڕێکیان دەخات، دواتر ڕایدەگەیەنێت کە کچەکەی دەکاتە هاوسەری ئەو کەسەی دێوەکەی کوشتووە، ژمارەیەکی زۆر لاو دێن لافی ئەوە لێدەدەن کە ئەوان دێوەکەیان کوشتووە، بەڵام شازادە بە درۆی دەخستنەوەو شەرمەزار دەگەڕانەوە. کاتێک لە بانێژەکەی خۆیەوە لە تەنیشتی باوکیەوە دەبێت و سەیری ئەو خەڵکە دەکات کە دەهاتن نانی خوانەکان بخۆن کە لە گۆڕەپانەکاندا ڕێک خرابوون، لاوەکە دەبینێت و یەکسەر دەیناسێت و پەنجەی بۆ ڕادەکێشێت و بە باوکی دەڵێت: (ئەمە دێوەکەی کوشت).

پاشا یەکسەر سەربازەکانی دەنێرێت و، لاوەکە دێنن و، لێی دەپرسێت ئایە ئەو دێوەکەی کوشتووە، ئەویش وەڵام دەداتەوەو دەڵێت : بەڵێ، ئیدی پاشا سوپاسی دەکات و، پێی ڕادەگەیەنێت کە ئارەزوو دەکات کیژەکەی خۆی لێ مارە ببڕێت.

سەرلەنوێ شایی و زەماوەند دەست پێدەکەنەوەو چێشت لێدەنرێت و خوان دەڕازرێنرێتەوەو، لاوەکەو کیژەکە شایی دەکەن و بەیەکدی شاد دەبن و زەماوەند دەست پێدەکات، بەم شێوەیە چەند مانگ و هەفتە تێدەپەڕێت و نزیکەی ساڵێك دەخایەنێت ژنەکە سکی پڕ دەبێت، ئا ئەمڕۆ یان سبەینێ منداڵی دەبێت.

ڕۆژێکیان ژنەکە قوتووە بچووکەکە دەدۆزێتەوە، کە مێردەکەی لە شوێنێکی چەپ شاردبوویەوە، سەری لێ سوڕ دەمێنێت و پرسیاری لێدەکات، ئەو کات مامزەکەو کورتە باڵاکەی یاد

دەکەوێتەوە، خۆی لە وەڵامدانەوە دەدزێتەوە، بەڵام داوای لێدەکات قوتووەکە بکاتەوە، قایل نابێت، ناچار ئەوەندە داوای لێدەکات قوتووەکە دەکاتەوەو چۆلەکەیەکی بچووکی تێدا دەبێت، باڵ دەگرێتەوەو یەکسەر دەزانێت چ کارێکی ترسناکی کردووەو ناچار دەبێت سێ تاڵەموو بسووتێنێت، یەکسەر مێردی خوشکە گەورەکەی ئامادە دەبێت، داوای لێدەکات ئەو چۆلەکە بچووکە بهێنێتەوە، ئەویش بۆی دێنێتەوەو دەیخاتەوە نێو قوتووەکەوە، جارێکی دیکەیش داوای لێدەکات بیکاتەوە، ئەویش دەیکاتەوە، بۆیە پەنا دەباتە بەر مێردی خوشکە بچووکەکەی ئەویش چۆلەکە بچووکەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، بۆ سێیەمین جاریش هەمان داوای لێدەکاتەوە، پیاوەکە هەست دەکات کە خەریکە دەستەڵاتی بێ هێز دەبێت و، خەریکە مامزەکەی لەدەست دەچێت، بۆیە بڕیار دەدات سەری خۆی هەڵبگرێت و بڕوات.

بەیانیانێك کاتێك ژنەکەی ژان دەیگرێت، خەناوکەیەکی پێشکەش دەکات، ئەگەر کچ بێت بیکاتە ملی، ئەگەر کوڕیش بێت بیکاتە مەچەکی، دوایی مافوورەکە رادەخات و لەسەری دادەنیشێت و داوای لێدەکات بیباتە ئەو شوێنەی مامزەکەی لێیە، مافوورەکە لەبەردم مامزەکەدا دایدەبەزێنێت، دەبینێت بستە باڵاکە بە قامچی کەوتووەتە وێزەی و لێی دەدات، یەکسەر قوتووەکە دەکاتەوەو، چۆلەکەکە توند دەگرێت، بستە باڵاکە لێی

دەپارێتـەوە ئـازادی بکـات، هاوکـات مامزەکـە تکـای لێـدەکات ملـی هـەڵپڕووکێنێت، لاوەکـە کـەمێك دڵـی سـارد دەبێتـەوە، بـەڵام خێـرا ملـی چـۆلەکەکە هەڵـدەپڕووکێنێت و، بـستە باڵاکـە بـەر دەبێتـەوەو دەکەوێتە سـەر عـەردو گیـانی دەردەچێت، پاشـان تەماشـای مامزەکـە دەکـات کـە بـە دیوارەکـەوە بەسـترابووەوە، دەبینێـت کیـژێکی چواردە ساڵانەو نە بخۆیت نـە بکـەیت تـەنیا تەماشـای بکـەیت، یەکـسەر کـۆت و زنجیری دەستی دەکاتەوەو ئازادی دەکات.

کاتێـك مامزەکـە گلـەیی ئـەوەی لێـدەکات کـە درەنـگ بـە فریـای کـەوتووە، داوای لێبـوردنی لێـدەکات و، بـەڵێنی پێـدەدات لێـی دوور نەکەوێتـەوەو دەسـت بـەرداری نـەبێت، ئـەویش ئاگـەداری دەکـات کـە شـاژنی حـەوت وڵاتـەو، ئـەو بـستە باڵایـە کردوویەتیـە مـامز، دواتـر دەیبـات و لــە کۆشــکەکەی خــۆی دادەبــەزن و ، تەماشــا دەکــات شاژنەو تاجی لەسەرەو کەنیزەو وەزیرو شالیاری هەن.

کاتێـك داوای لێـدەکات مێـردی پێبکـات، لاوەکـە قایـل دەبێـت و مــارەی دەبڕێــت و دەیخوازێـت و دەبنــە هاوســەری یەکـدی، ئـەویش واز لــە فەرمانڕەوایــەتی دەهێنێــت و دەســتەڵات دەداتــە مێردەکــەی کــە دەبێتە پاشاو فەرمانڕەوایی خەڵك و وڵات دەکات.

با بـچینەوە لای ژنەکـەی دیکـەی، ئـەو شـازادەیەی کـە لـە چـنگی دێوەکــەی رزگــار کــردو لــە کــاتی ژان گــرتن و منداڵبوونــدا بــەجێی

هێشت، ئەو ژنە کوڕێکی دەبێت و لە ماڵی پاشای باپیریدا گەورەی دەکات و تەنیا باپیرەی بە باوك دەزانێت.

کوڕەکە گەورە دەبێت و دایکی ئەو خەناوکەی لە مەچەك دەکات کە باوکی بە دیاری پێشکەشی کردووە، کوڕەکە نیشانەی زیرەکی پێوە دیار دەبێت. ڕۆژێکیان لەگەڵ کوڕی وەزیردا یاری دەکات، کوڕە وەزیر تانەی لێدەدات کە نازانێت باوکی کێیە، ئەویش نکۆڵی لێدەکات، بەڵام کوڕە وەزیر بۆی دووپات دەکاتەوە ئەوەی بە باوکی خۆی دەزانێت باوکی نییەو باپیریەتی .

کوڕەکە لە هەندێك لەو کەسانە دەپرسێت کە ئاگەدارن، ئەوانیش قسەی کوڕە وەزیری بۆ دووپات دەکەنەوە، ئەویش کوشك بەجێ دەهێڵێت و روو لە وڵاتان دەکات و بە دوای باوکیدا عەبداڵ دەبێت. چەند وڵات دەگەڕێت و ، چەند کارو پیشە دەکات، تا دەگاتە ئەو وڵاتەی باوکی فەرمانڕەوایی لێدەکات، چێشتخانەیەك دەکاتەوەو، خۆشترین چێشت لێدەنێت، تا ناوبانگیی دەگاتە کۆشکی پاشا، ئەویش ڕۆژێك چێشتەکانی تاقی دەکاتەوەو پێی خۆش دەبێت، تا وای لێدێت پاشا هیچ خواردنێك ناخوات ئەو لێی نەنابێت، زۆر جاریش ئێواران دەچێتە چێشتخانەکەی و شیوی ئێوارەی دەخواردو ئەو ئێوارەیەی لەگەڵدا بەسەر دەبرد.

لای ژنەکەیشی باسی دەکردو شێوەو ڕوخساری بۆ روون دەکردەوە تا ڕادەیەك بە بیستن ئەوینداری دەبێت و، هیوای

دەخواست بە دیداری بگات، دوایی بڕیار دەدات بە هەر چۆنێك بێت خۆی پێ بگەیەنێت، بە دوای بیناسازاندا دەنێرێت تونێلێکی لە ژێر زەوییەوە بۆ دروست بکەن کۆشکەکەی بە چێشتخانەکەیەوە ببەستێتەوەو لە پشتی چێشتخانەکەوە ژوورێکی بۆ دروست بکەن هەردووکیان ژوانی تێدا بگرن، کاتێك تونێلەکەو ژوورەکە تەواو دەبن، ئێواران سەری لێ دەدات و بە دیدارو قسەو گفت و لفتی شاد دەبێت.

ڕۆژێکیان پاشا بۆ شیوخواردن و ئێوارە بەسەر بردن دەچێتە چێشتخانەکە، هەرکە هەردووکیان پێکەوە دەبن، پاشا گوێی لە لێدانی دەرگە دەبێت لە ناو چێشتخانەکەوە بەر گوێی دەکەوێت، پرسیاری لێدەکات ئەو دەنگە چییە ئەویش دەڵێت ئەوە کریکارو ئاشپەزەکانن دەفرو قەزانەکان دەشۆن، پاشان دەچێتە لای دەرگەکەو بە چریە داوا دەکات لە دەرگە نەدات و، دەڵێت پاشا لە چێشتخانەکەیە.

پاش ماوەیەك دیسان لە دەرگە دەدرێتەوە، پاشا سەری سوڕدەمێنێت، کوڕەیش وەك جاری پێشوو پاساو دەهێنێتەوە، پاش ماوەیەکی دیکە دەرگە لێدانەکە سێ بارە دەبێتەوە، پاشا دەکەوێتە گومانەوەو بە خۆی دەڕوات و دەرگە دەکاتەوە، دەبینێت ژنەکەی خۆیەتی لە دەرگە دەدات و دەچێتە ناو ژوورەکەوە تونێلەکە دەبینێت و، لە ڕاستی ڕووداوەکان دەگات و ، کوڕەو ژنەکە بۆ ناو

کۆشـك بـه پـێش خـۆی دەدات و، داوا لـه جـەلاد دەکـات یەکـسەر لـه سـەری کـوڕە بـدات. ژنەکـەیش زۆری لێ دەپاڕێتـەوە لـە کـوڕە خـۆش بێت و، چـونکە هـەردووکیان بـێ تـاوانن، بـەڵام پاشـا گـوێی لێناگرێـت و، فـەرمان بـە جەلادەکـە دەدات ئەرکەکـەی خـۆی جێبـەجێ بکـات. ئـــەویش بـــە خـــۆی و خزمەتکارەکانـــەوە دەچـــێتە پێـــشەوە، خزمـــەتکارەکان کراســـی بـــەر کوڕەکـــە دادەکـــەنن و، زنجـیرو کـۆت دەهێنن دەستی ببەستنەوە، لـەناکاو پاشـا ئـەو خەناوکـە لـە مەچـەکی کوڕەکەدا دەبینێت کـە لـە کـاتی ژان گرتنـدا پێـشکەشی ژنەکـەی خـۆی کردبـــوو، یەکـــسەر فـــەرمان بـــە خزمـــەتکارەکان دەدات لێـــی دوور بکەونـەوەو، داوای لێـدەکات بەسـەرهاتی خـۆی بگێڕێتـەوە، کـوڕەیش بەســەرهاتی خــۆی بــە دوورو درێــژی دەگێڕێتــەوە، پاشــا بــۆی ڕوون دەبێتـەوە کـە ئـەوە کوڕەکـەی خۆیـەتی، پـڕی دەداتـێ و باوەشـی پێـدا دەکات و لێـی خـۆش دەبێـت، دوایـی بـە دوای ژنەکەیـدا دەنێرێـت کـە دایکـی کوڕەکەیـەتی، ئـەوەی لــە چـنگی دێوەکـەی ڕزگـار کـرد، دەبینێـت بـاوکی کۆچـی دوایـی کـردووەو تـەختی پاشـایەتی بـۆ ئـەو ماوەتـەوە، ئـەویش دێنێتـەوە لای خـۆی و گۆشـەیەك لـە کۆشـکەکەی بۆ تەرخان دەکـات و وڵاتەکـەی دەخاتـە سـەر سـنووری وڵاتەکـەی خـۆی و کوڕەکـەی دەکاتـە فەرمانـداری ئـەو وڵاتـەو دەبێتـە پاشـای هەشـت وڵات. دواتـر دەبیـسێت وڵاتێـك لـە تەنیـشتیەوە هەیـە دوو بـرا لەسـەر تـەختی پاشـایەتی نـاکۆکی کەوتووەتـە نێوانیـان و بەشـەڕهاتوون، لـەوە

دەترسێت ئەو دوو برایە دوو براکەی خۆی بن، کە بە دوایاندا دەنێرێت، دەبینێت هەردوو براکەی خۆین، کاتێك دەیناسنەوە داوای لێبووردنی لێدەکەن و واز لە تەختی پاشایەتی خۆیان دەهێنن، ئەویش وڵاتەکەیان دەخاتە سەر سنووری وڵاتەکانی خۆی و، هەردووکیان دەکاتە وەزیرو، بە دادوەری فەرمانڕەوایی دەکات، منیش لەوێوە هاتمەوەو کڵاشم دڕا و هیچیشم پێ نەبڕا.

# یەك گۆزە لیرە !!!



# یەك گۆزە لیرە!!!

هەبوو نەبوو، سالانی زوو پیرەمێردێك هەبوو سێ کوڕی دەبێت، تەمەنی خۆی بۆ پەروەردەکردنیان بەسەر دەبات، هەموو غەمی ئەوە دەبێت لە ژیاندا کامەران و بەختەوەر بن، ژن بۆ هەر سێکیان دەخوازێت و، چی پارەو پوولی دەبێت بەسەریاندا دابەشی دەکات، تا هەر یەکەو بۆ خۆی ژیانێکی سەربەخۆیانە بەسەر ببەن، لەو هەموو ماڵ و سامانەی خۆی تەنیا خانۆچکەیەك بۆ خۆی گل دەداتەوە، تا دوا ساتەکانی تەمەنی تێدا بەسەر ببات و بەو شتە کەمەی هەیەتی قایل بێت و، لە دەروونی خۆیدا هەست بە شادی و کامەرانی بکات، چونکە ئەو ئەرکەی وەك باوك بەرانبەر بە کوڕەکانی لە ئەستۆ بوو، جێبەجێی کرد، حەزیشی دەکرد پێی لێ نەبڕن و جاروبار بێن سەری لێ بدەن تا بە بینینیان شاد بێت .

کوڕەکانیش وەك باوکیان چۆنی ویست بەو شێوەیە پێیان لێ نەدەبڕی، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرپرسیاریەتیی هەر یەکەیان پەرەی دەسەندو پتر بایەخیان بە ژیان و گوزەران دەداو سەرقاڵی کاری ڕۆژانە دەبوون، بۆیە کەمتر سەریان لە باوکیان دەدا، تا وای

لێدێت لە یادی دەکەن و، تاك و تەنیا دەمێنێتەوە، ئەو باوکەی کە ماڵ و سامان و پارەو پوولەکەی خۆی بەسەردا دابەشکردن، ساڵێك و دوو ساڵ تیدەپەڕێت ئەو پارەو پوولەی بۆ خۆی پاشەکەوت کردبوو کورت دەهێنێت و، خۆی لەبەردەم هەڕەشەی برسیەتی و نەبوونیدا دەبینێتەوە، بۆیە نەیدەزانی چی بکات، ناچار دەبێت روو دەکاتە یەکە یەکەی کوڕەکانی و پرسیاری چۆنیەتی ژیان و گوزەرانیان لێدەکات، بێ ئەوەی لە نالەباری گوزەرانی خۆی ئاگەداریان بکاتەوە، ئەوانیش هەر گوێیان پێ نەدەدا، بۆیە کە گازەندەی لێدەکردن و گلەیی ئەوەی لێدەکردن کە پشت گوێیان خستووە، بە روویدا هەڵدەشاخێن و سەرزەنشتی دەکەن و لافی ئەوە لێدەدەن کە بە ژیان و گوزەرانی خۆیان و خێزانەکانیانەوە سەرقاڵن و بواری ئەوەیان نییە ئاوڕ لەکەس بدەنەوە .

باوکەکەیش بە دڵشکاوی دەگەڕێتەوەو، پەشیمانی لەوە دەنوێنێت کە چۆن پارەو پوول و سامانی خۆی بەو شێوەیە بەسەر کوڕەکانیدا تەفرو توونا و تەخشان و پەخشان کردو ئەفسووسی خۆی بۆ دەوڵەمەندی و پلەو پایەی خۆی دەردەبڕی و، بە غەمگینی و دڵگوشراوییەوە بەرەو خانۆچکەکەی شۆڕ دەبێتەوەو، لە قوژبنەکەی خۆیدا دەکەوێت و، بژی و مەمرە بەسەر دەبات، تا جل و بەرگەکانی دەدڕێن و تا دێت پارەو پوولەکەیشی لە کورتی دەدات و لەڕو لاواز دەبێت و رەنگی دەگۆڕێت و ناتوانایی هێرشی بۆ دێنێت،

ناچاردەبێت پەنا بۆ لای دۆستێکی ببات، تا رێی پێشان بدات و چەند ئامۆژگارییەکی بە گوێدا بدات .

کاتێک دۆستەکەی دەیبینێت و ئاگەداری بارو گوزەرانی دەبێت، سەرزەنشتی دەکات کە چۆن پارەو پوولەکەی وا تەخشان و پەخشان کردووە، ئامۆژگاریی دەکات بچێت لە ناو ژوورەکەیدا قوڕتێک هەڵکەنێت و گۆزەیەکی بەتاڵی تێدا دانێت قەپاغەکەی لە ئاستی زەوی ژوورەکە بێت، هەموو رۆژێک ئەو خۆڵ و تۆزەی تێ فڕێ بدات کە لە ناو ژوورو حەوشە دەیماڵێت تا پڕ دەبێت، ئەو کات بە حەسیر دایپۆشێت، دۆستەکەی بەڵێنی پێ دەدات کە گۆزەکە پڕ بێت سەری لێ بدات، تا پێی بڵێت دوای ئەوە چی بکات، باوکەکە دەگەڕێتەوە یەکسەر دەست بە جێبەجێکردنی ئەو ئامۆژگارییەی دۆستەکەی دەکات، چەند رۆژێک نابات گۆزەکە پڕ دەبێت و بە حەسیرێک دایدەپۆشێت و دادەنیشێت چاوەڕێی دۆستەکەی دەکات .

کاتێک دۆستەکەی سەری لێدەدات ئەو ئامۆژگارییەی پێ دەڵێت تا جێبەجێی بکات، بۆیە شاگەشکە دەبێت، پێی دەڵێت بچێتە لای یەکە یەکەی کوڕەکانی و، ئاگەداریان بکاتەوەو بڵێت باروگوزەرانی باوکیان هێشتە باشەو، ئەوەندە پارەو پوولی دیکەی هەیە، لەوە پترە کە پێی داون و گازەندەی ئەویان لێ بکات کە ئەوان بەرانبەری کەمتەرخەمییان نواندووە، هەروەها ئامۆژگاری باوکەکەشی کرد پێشبینی ئەوە بکات ئەوان سەری لێ بدەن، بۆیە

داوای لێدەکات سووچی حەسیرەکە لەبەر چاوی یەکە یەکەی کوڕەکانی هەڵبداتەوەو، ئاماژە بەو شوێنە بکات کە گۆزەکەی لێیە تا وایان پیشان بدات هێشتە خاوەن پارەو پوولەو لەناو ئەو گۆزەیەدا شاردوویەتیەوەو ئەوەیش هەر هی ئەوانە ئەگەر خزمەتی بکەن و چاویان لێ بێت .

ڕۆژی دواتر لە دەرگە دەدرێت، دەزانێت کوڕەکەیەتی، پێشوازی لێ دەکات و دەیباتە ژوورەکەوە، کوڕەیش چاوچنۆکی پاڵی پێوە نابوو، ئارەزووی دەکرد بزانێت باوکی چەندی پارە هەیە، دوای هەواڵپرسین و چاك و چۆنی و داوای لێبوردن، داوا لە باوکی دەکات پێویستی بە چی هەیە پێی بڵێت، باوکەیش تووڕە دەبێت و دووپاتی دەکاتەوە کە پێویستی بە هیچ و بە کەس نییە، دوایی چمکی حەسیرەکە هەڵدەداتەوەو لە شوێنی گۆزەکە دەدات،کە درنگەی دێت، دەڵێت گوێت لێیە هێشتە یەك گۆزە لیرەم هەیە !

کوڕە تەماعی دەکەوێتە بەرو، ئارەزووی ئەوە دەکات گۆزەکە بۆ خۆی بێت، یان بە لایەنی کەمەوە پشکی زۆری بەر ئەو بکەوێت نەك براکانی دیکەی، دەچێت ژنەکەی دەنێرێت تا ماڵی باوکی بماڵێت و خزمەتی بکات و خواردنی بۆ ببات، بۆیە هەموو ڕۆژێك پێی لێ نابڕێت .

ڕۆژی دواتریش کوڕەکەی دیکەی دێت و ئەویش وەك براکەی دەکات، هەروەها سێیەمین کوڕیش بەم جۆرە . ئیدی کوڕەکان لەو

کاتەوە لەپێناوی چاوچنۆکی و لێرەدا بایەخ بە باوکیان دەدەن و خزمەتی دەکەن . ڕۆژان دێن و دەڕۆن دۆستەکەی سەری لێ دەدات، دەبینێت ڕەنگی لە ڕووەو جل و بەرگی پاك و نوێی پۆشیوەو ماڵەکەی جوان گسك دراوەو خواردنێکی زۆری بۆ دەستەبەر کراوە، پیرۆزبایی لێ دەکات، ئەویش لە لایەن خۆیەوە بۆ ئامۆژگارییەکەی سوپاسی دەکات .

ئیدی باوکەکە پاشماوەی تەمەنی بە خۆشی و کامەرانی بەسەر دەبات تا کۆچی دوایی دەکات، کوڕەکانی بە جوانترین شێوە بە خاکی دەسپێرن چاوەڕێ دەکەن یەك دوو ڕۆژێك تێپەڕێت تا ئەو لیرانەی لە ناو گۆزەکەدایە لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن، بۆ سێیەمین ڕۆژ گۆزەکە دەردێنن و دەیانەوێت دابەشی بکەن، بەڵام نیشانەی ناکۆکی لە نێوانیاندا سەر هەڵدەدات، هەر یەکەیان دەڵێت ئەو پتر خزمەتی باوکی کردووەو دەبێت ئەو بەشی هەرە زۆری بەر بکەوێت، لەو کاتەدا دۆستی باوکەکەیان دێتە ژوورەوە، کە پێشبینی ئەوەی لێکردبوون ناکۆکییان بکەوێتە نێوانەوە، بۆیە شەرم دایاندەگرێت و دان بەوەدا دەنێن کە ناکۆکیان لەنێواندایە، ئەویش ئامۆژگارییان دەکات بچنە لای ریش سپی گوند تا گۆزەکەیان لەنێواندا دابەش بکات .

کوڕەکان دەچنە لای ریش سپی گوندو کێشەکەی بۆ ڕوون دەکەنەوە، ئەویش بەڵێنیان پێ دەدات ئێوارە سەریان لێ بدات، تا

گۆزەکەیان لەنێواندا دابەش بکات، ئەوجا دەچێتە بازاڕو پارچە قوماشێکی زۆر دەکڕێت و، ئێوارە بە خۆی و داردەستە ئەستوورەکەیەوە دەچێت بۆ لای کوڕەکان و پێیان دەڵێت کە ئەو گۆزەکە لەسەر سەری دانەنێت و، کوڕە گەورەکە بە داردەستەکەی لێی دەدات و چی لێ کەوتە خوارەوەو پەرت بووەوە هەر کەسە بۆ خۆی چەندی لێ توانی هەڵبگرێتەوە، کوڕەکان ئەو دابەشکردنەیان بە دڵ نابێت بەڵام ناچار دەبن قایل بن .

ریش سپی سەری خۆی بە پارچە قوماشەکان دەبەستێتەوەو سەروێنێکی پان و پۆڕی لێ دروست دەکات، ئەویش لە تەماحی ئەوەی چەند لیرەی تێدا گل بخواتەوە بۆ خۆی ببات، بۆیە کوڕەکان پێیان ناخۆش دەبێت، داوایان لێ دەکات لە دەوری گرد ببنەوەو، داردەستەکەی دەداتە کوڕە گەورەکەو پێی دەڵێت بە گۆزەکەدا بکێشێت، ئەویش داردەستەکە وەردەگرێت و بە گۆزەکەدا دەکێشێت، گۆزەکە دەتەقێت و هەرچی تەپ و تۆزو خۆڵی تێدا دەبێت زوورەکە دەتەنێتەوەو چاو چاو نابینێت، هاوارو هەراو هوریا بەرز دەبێتەوەو هەر یەکەو بە دوای دەرگەکەدا دەگەڕێت تا خۆی قوتار بکات، دوایەمین کەسیان کە دێتە دەرەوە ریش سپی گوند دەبێت، چونکە بەشی هەرە زۆری تەپ و تۆزی ناو گۆزەکەی بەردەکەوێت .

# شازاده



# شازادە

دەگێڕنــەوە پاشــایەك ســێ كیــژی هــەبوو، زۆری خــۆش دەویــستن، تــەنیا بــچووكەكەیان نــەبێت، باوكیــان هــەر شــتێكی بــۆ هێنابنایــەوە سوپاســیان دەكــردو دەیــانگوت بابــە خواوەنــد دەســت بــە باڵتــەوە بگرێت، تــەنیا بــچووكەكە نــەبێت، شــتی لــەو جۆرەی نــەدەگوت،كاتێك بــابی سەرزەنــشتی بكردایــە، پێــی دەگــوت : خــوا داویــەتی . ئــەویش لێــی تــووڕە دەبــوو، هــەوڵی دەدا واز لــەو ڕەفتــارە بهێنێــت، لێ وێ بــە گــوێی نــەدەكرد، بۆیــە بــابی هەڕەشــەو گوڕەشــەی لێــدەكرد، كەچــی ترســی لێنەدەنیــشت و لــە قــسەی خــۆی پاشــگەز نــەدەبووەوە . ڕۆژێكیــان زۆری لێ تــووڕە دەبێــت، بڕیــار دەدات لــە كۆڵخانەچییەكی مارە بكــات، لــە كاتێكــدا هــەردوو كیــژە گــەورەو ناوەندەكــەی دیكــەی لــە دوو گــەورە شــالیاری خــۆی مــارە دەكــات و چــەندین دیــاری و بەخششیان پێ دەبەخشێت و ، ئــەو لــە هــەموو شت بێبــەش دەكــات و ، ئــەوەش پــتر تــووڕەی دەكــات و رقــی هەڵدەســتێنێت، بەوپــەڕی ڕەزامەنــدی و بــێ ورتــەوە بــەو چارەنووســە قایــل دەبێــت و، هــیچ ئەفــسووس و پەشــیمانی و غەمبارییــەك نانوێنێــت ، ئەگــەر یــەكێك لەبەر ئەو كارە لۆمەی كردبایە، دەیگوت : خوا داویەتی .

بە خۆی و مێردە کۆڵخانەچییەکەی لە ناو توونی گەرماوەکەدا دەژیان و، لەگەڵ مێردەکەیدا ، نزیک بە پاشماوەو پاشەڕۆکەکان لەسەر نوێنە زبرەکە دەنوست ، بەو بەشە کەمەی خوا پێی دابوو، قایل بوو، بە بەختی خۆی رازی بوو، هەوڵی دەدا مێردەکەی بەختەوەرو شاد بێت، بێ ئەوەی بێزار بێت و نارەزایی بنوێنێت .

رۆژگارێك تێدەپەڕێت سکی پڕ دەبێت ، وێڕای نالەباری ژیانی بە سك پڕبوونەکەی شاد دەبێت، مێردەکەی ئاگەدار دەکاتەوە ئەویش وەك وێ پێی خۆش دەبێت، ئەگەرچی ئەم زوو سك پڕبوونەی نەدەویست، ئیدی شەوو ڕۆژی دەژمارد، دەیویست زوو تێپەڕن، تا کاتی منداڵبوونی نزیك بووەوە، لەمێردەکەی پاڕایەوە داوا لە خاوەنی گەرماوەکە بکات، شەو دوای داخستنی گەرماوەکە رێی بدەن بچێتە ناو گەرماوەکە بۆ ئەوەی منداڵەکەی لەوێ ببێت، چونکە لە ناو توونەکەدا جێ نییە منداڵی تێدا ببێت، ئەویش پێی گوتن ئەوانیش قایل دەبن .

شەوێکیان بەرە ژان دەیگرێت، مێردەکەی دەیباتە ناو گەرماوەکەوەو، بە خۆی لەدەرەوە رادەوەستێت و چاوەڕوان دەبێت، ئەویش بەتەنیا ئارام و بێدەنگ بەرە ژان دەیگرێت، لەو کاتەدا ژان دەیگرێت، چوار ئافرەت پەیدا دەبن، پەرۆی پێچانەوەیان بۆمنداڵەکە پێدەبێت، بە جوانترین شێوە سلاوی لێدەکەن و منداڵە ساواکەی دەشۆن و قومات دەکەن و ، جوانترین جلی لەبەر دەکەن و

ماڵئاوایی لێدەکەن و دەیانەوێت بڕۆن، ئەویش پرسیاریان لێدەکات ئێوە کێن ؟ ئەوانیش دەڵێن ئێمە کیژی خاوەنی گەرماوەکەین، بۆیە سوپاسی هەوڵ و کۆششیان دەکات و هیوا دەخوازێت ئارەزووەکانیان بەدی بێن . پاشان لە گەرماوەکە دەچێتە دەرەوەو مێردەکەی پێی خۆشحاڵ دەبێت، سەری لەو جل و بەرگانە سوڕدەمێنێت کە پۆشیبوونی لەگەڵ ئەو جلانەی منداڵەکەی پێ پۆشتەکرابوونەوە، ئەویش پێیڕاگەیەنێت کە کیژەکانی خاوەن گەرماوەکە ئەو خزمەتەیان کردووە، ئیدی بەرەو توونەکەی دەباتەوە تا لەگەڵ منداڵە ساواکەیدا لە تەنیشت ئەو هەموو پاشەڕۆکەوە بنوێت کە ئاگری پێدەکردنەوە .

مانگان و ساڵان تێدەپەڕن و وێ هەر منداڵەکەی بەخێو دەکردو خزمەتی مێردەکەی دەکرد ، تا رۆژێکیان هەستی کرد سکی پڕە، دیسان مێردەکەی ئاگەدار کردەوە ئەویش سك پڕبوونەکەی پێ خۆش بوو، هەردووك پێکەوە رۆژانیان دەژمارد، تا رۆژی منداڵبوونەکە نزیك دەبێتەوە، جارێکی دیکە دەیباتە ناو گەرماوەکەوە، منداڵەکەی لەناو گەرماوەکەدا دەبێت، وەك جاری پێشوو چوار ئافرەت دێن یارمەتیی دەدەن و خزمەتی دەکەن پاشان دەچنە دەرەوە . بۆیە توونی گەرماوەکە تەسك و ترووسك بوو چوار کەسی تێدا نەدەحەوانەوە، دایك و باوك و هەردوو منداڵە ساواکە،

بـەڵام ئـوقرەی دایکەکـەو بـاش خزمـەتکردنیان هـەموو شـتێکی لـەبیر دەبردەوە .

مــانگ و ڕۆژان تێپــەڕین، ســەر لــەنوێ ئافرەتەکــە ســکی پــڕ دەبێتــەوە، هــەروەك جـاری پێشوو چـوار ئافرتەکـە دێـن و لـە کـاتی منداڵبوونـدا یارمــەتیی دەدەن ، بــەڵام بــەر لــەوەی بــچنە دەرەوە، ئاگــەداری دەکەنــەوە کــە لەراســتیدا ئــەوان پــەرین و بــەزەییان پێــدا هاتووەتــەوە و ئوقرەگرتنەکــەیان بــە دڵ بــووە، پاشــان ئەموســتیلەیەکی پێــشکەش دەکــەن و پێــی دەڵــێن هــەر کاتێکــت ویــست دەســتی پێــدا بێنە، ئەو کات دێوێـك پەیـدا دەبێـت، چـیت بوێـت بـۆت بـەدی دێنێـت .

شاگەشــکە دەبێــت و ، خێــرا بەبۆنــەی لــەدایکبوونی منداڵــە نوێکەیانــەوە پیرۆزبــایی لــە مێردەکــەی دەکــات و، منداڵەکــەی پێــشکەش دەکــات و، ئەموســتیلەکەی پێــشان دەدات، ئەوەنــدەش نابـات دەسـتی پێـدا دەهێنێـت، دێـوێکی لێ پەیـدا دەبێـت و پرسـیاری لێـدەکات چـیت دەوێـت ؟ داوای لێـدەکات کۆشـکێکی بەرانبـەر بـە کۆشـکەکەی بـاوکی بـۆ دروسـت بکـات و، لەگـەڵ مێردەکەیـدا بـۆ ئـەوێی بگوێزێتـەوەو، دوکـانێکی گـەورەیش لـە بـازاڕی بازرگانـان بـۆ مێردەکەی ئامـادە بکـات، دێوەکـە دەسـت بـەجێ هـەموو ئەوانـەی بـۆ جێبەجێ دەکـات کـە داوای کردبـوون، بـەو شـێوە خـۆی و مێردەکـەی و منداڵـەکانی لـە نێـو کۆشـکێکی دڵڕفێنـدا دەبینێتـەوە، بەردەسـت و

خزمەتگوزاران بە گوێیانیان دەکردو فەرمانیان ڕادەپەڕاندن، مێردەکەی دەچێتە دوکانە بازرگانیەکەی ئاڵ و ئوێڵی دەکردو لە ماوەیەکی کورتدا دەبێتە سەردەستەی بازرگانان .

ڕۆژێکیان شا لە باڵەکۆنی کۆشکەکەیەوە سەیر دەکات، ئەو کۆشکەی دەبینێت کە بەرانبەر کۆشکەکەی راست ببووەوە، پرسیار دەکات ئەو کۆشکە کۆشکی کێیە ؟ ئاگەداری دەکەنەوە کە ئەوە کۆشکی سەردەستەی بازرگانانە، بە پەرۆشەوە دەبێت بیناسێت، بە دوایدا دەنێرێت، ماوەیەکی پێناچێت پێوەندی نێوان شاو زاوا کولخانچییەی کە ببوو بە سەردەستەی بازرگانان پتەو دەبێت، وای لێدێت زۆری بەدڵ دەبێت، لە خۆی نزیك دەکاتەوەو، پایەی بەرز دەکاتەوەو بۆئاهەنگ و شایی بانگهێشتی دەکات و نەیدەزانی کێیە .


کاتێك شازادە دەگاتە ئەو بڕیارەی کە کاتی ئەوە هاتووە بەسەرهاتی خۆی بۆ باوکی ئاشکرا بکات، داوا لەمێردەکەی دەکات میوانداری باوکی بکات تا بێت کۆشکەکەیان ببینێت، داواش لە کارەکەرو خزمەتکارەکان دەکات بەچێژترین خواردن لێبنێن، خۆیشی هەڵدەستێت ئەو خواردنە دروست دەکات کە باوکی حەزی لێدەکرد، کاتێك شا لەگەڵ شالیارەکانیدا دەچنە ناو هۆڵی شیوخواردنەوەو، بەرانبەر خوانەکە دادەنیشێت، چاوی بەو جۆرە خواردنە دەکەوێت کەحەزی لێدەکرد، دەستی بۆ درێژدەکات و لێی دەخوات و بە پەشیمانی و دڵگرانییەوە باسی کیژەکەی خۆی بۆ

خانەخوێکە دەکات کە ئەو جۆرە خواردنەی بۆ دروست دەکرد، کە زوڵمی لێکردو بە کوڵخانەچییەکی بە مێرد داو وازی لێهێناو ئێستەیش لێی ناپرسێتەوە، خانەخوێکەیش گوێی لێدەگرت بێ ئەوەی ورتەی لێوە بێت .

پاشان شا لەسەر بانگهێشتی خاوەن خوان گەشتێك بە کۆشکەکەدا دەکات و ژوورو گۆشەکانی بەسەر دەکاتەوە، لە کاتی گەشتەکەیدا خانەخوێکە سێ منداڵی پێشکەش دەکات، کە هەر سێ کوڕەکەی دەبن، شا سەری لە جوانی و زیرەکییان سوڕ دەمێنێت، پاشان دەنوشتێتەوەو گەورەکەیان ماچ دەکات و جۆرە سۆزێك ناخی دەجووڵێنێتەوە، پاشان سەر دەنێتە سەری و دەپرسێت : ئەم جوانییەت لە کوێ بوو ؟ منداڵەکە یەکسەر وەڵام دەداتەوە : خوا داویەتی ، دایکی ئامۆژگاری کردبوو وا بڵێت، کە شا گوێی لە وەڵامەکە دەبێت، ڕادەچەڵەکێت و، ئاوڕ لە خانەخوێکە دەداتەوەو لێی دەپرسێت : پێم ناڵێیت دایکی ئەم منداڵە کێیە؟

ئەو کات کیژەکەی دەردەکەوێت و دەڵێت : بابە ئەوە خۆمم، ئەوەندەی نامێنێت شا نکۆڵی لێبکات، بەڵام باوەشی بۆ دەگرێتەوەو بە سنگی خۆوەی دەنووسێنێت و، ئەسرین بە چاوانیدا دێتە خوارێ، پاشان زاواکەی دەکاتە شالیاری خۆی و کیژەکەی لە خۆی نزیك دەکاتەوەو، هەموو سەروەری و شکۆمەندییەکی بۆ دەگێڕێتەوەو، لە کرداری پشت گوێ خستنی پەشیمان دەبێتەوەو ئەفسووس دەردەبڕێت .

# چارەنووس



# چارەنووس

هەبوو نەبوو سالانی زوو کیژێك هەبوو ناوی گوڵخاتر بوو، تا بڵێیت جوان و سەلارو زیرەك بوو، بەڵام نەدارو دەست کورت و هەژار بوو، باوکی مردبوو، دایکی بە دەرزەو یارمەتی ئەم و ئەو بە خێوی دەکرد.

ڕۆژێکیان دایکی هەندێك نیسك دێنێتەوەو داوای لێ دەکات نیسکەوایەك لێ بنێت تا دەچێتە بازاڕو هەندێك ڕۆزی دەست دەکەوێت و دێتەوە. لەو ماوەیدا ئەویش دەست بە چێشت لێ نان دەکات و بەرانبەر قەزانەکە دەگرێت و لێی دوور ناکەوێتەوە تا چێشتەکە پێ دەگات، ئەوەندەی پێ ناچێت لە دەرگە دەدرێت، کە دەرگە دەکاتەوە پیرەژنێك دەبینێت داوای کەمێك خواردنی لێ دەکات، ئەویش بانگی دەکاتە ژوورەوەو دەورییەك نیسکەوای بۆ تێ دەکات، پیرەژنەکە سوپاسی دەکات و دەکەوێتە وێزەی چێشتەکەو دەیخوات، داوای قاپێکی دیکە دەکات، ئەویش بۆی تێ دەکات، پیرەژنیش دەیخوات، ئیدی داوای سێیەم و چوارەم قاپی لێ دەکات تا قەزانەکە بەتاڵ دەبێت، ئەویش هیچ تووڕە نابێت و چاو بەیەکدا نادات و ڕووی خۆی درژ ناکات، کاتێك پیرەژنەکە تێر دەخوات، ماڵئاوایی لێ دەکات و دەچێتە دەرەوەو دەڕوات.

گوڵخاتر نازانێت چی بکات. کەمێك ئاو دەکاتە ناو قەزانەکەو دەیخاتەوە سەر ئاگرەکەو ئاوەکەیش هەر دەکوڵێت، هیچیشی تێدا

نابێـت تـەنیا ئـەو دەنکـە نیـسکانە نـەبێت کـە بـە دەوری قەزانەکـەوە نووساون.

کاتێـك ئێـوارە دایکـی دێتـەوە کیژەکـە دەورییـەکی لـە پـێش دادەنێت جگـە لـە ئـاو هیچی دیکـەی تێـدا نابێـت تـەنیا چـەند دانـە نیـسکێك نـەبێت، دایـك تـوورە دەبێـت و هـاوار دەکـات ئـەدی نیـسکەواکە چـی لێ هـات؟ کیـژەیش هـیچ وەڵامێکـی لا نابێـت بۆیـە دایکەکـە ئەوەنـدەی دیکـە تـوورە دەبێـت و هێرشـی دەکاتـە سـەرو دەیەوێت لێی بدات، ئەویش دەرگە دەکاتەوەو هەڵدێت.

لە خۆش بـەختی کیـژە پێیـەکانی بـەرەو لای کۆشـکی شـای دەبـەن و، لە تەنیـشتی شـوورەی کۆشـکی شـاوە دادەنیـشێت و ئـەو کاتـە شـا لـە بانێـژەی کۆشـکەوە تەماشـای دەرەوە دەکـات و کیـژە دەبینێـت و، داوا لــە کــەنیزەکان دەکــات بیهێننــە ژوورەوە، پاشــان فــەرمانیان دەداتێ بیبەنە گەرماوەو جوانی بشۆن و جوانترین جلی لەبەر بکەن.

کە لـە گـەرماوی دێننـە دەرەوە، ئـەو جـل و بەرگـە جوانـەی لەبـەر دەبێـت، پاشـا سەرسـامی جـوانیی کیژەکـە دەبێـت و یەکـسەر فـەرمان دەدات لێی مارە بکەن.

دەست بـەجێ شـایی و زەماوەنـد دەسـت پـێ دەکـات و حـەوت ڕۆژ و حەوت شـەو دەهـۆڵ و زوڕنـاو هەڵپـەڕکێ و زەماونـد بـەردەوام دەبێـت و خەڵك سێ ژەمە لە کۆشکی پاشا چێشت و نان دەخۆن.

گوڵخـاتر بـەو ژیانـە نوێیـەی شـاد دەبێـت و، شـایش کامـەران و خۆشنوود دەبێـت، چـارەنووس پێکـەوەیان کـۆ دەکاتـەوەو ئـەوینیش تـا دەهات لە ناخی دڵیاندا ڕەگ و ڕیشەی توند بە ڕۆخدا دەچوو.

ڕۆژێکیان گوڵخاتر لە بانیژەوە تەماشا دەکات دایکی لە تەنیشت شوورەی کۆشکەوە دەبینێت دەرۆزە دەکات، کەنیزەکانی بەدوادا دەنێرێت، کاتێک دەیهێنن خۆی پێ دەناسێنێت و، داوای لێ دەکات واز لەو ژیانە بهێنێت و بێت لای ئەو ژیان بە سەر ببات، کەچی دایکی بە ڕوویدا هەڵدەشاخێت و هاوار دەکات کوا نیسکەواکە، کیژەیش هەوڵ دەدات هێوری بکاتەوەو بێ دەنگ بێت و بەڵێنی پێ دەدات لە جیاتی ئەو قەزانە نیسکەوایە چەندین مرواری و شیلانەو زێڕی پێ ببەخشێت، کەچی تا دەهات هاواری دایکەکە بەرزتر دەبێتەوە، بۆیە کیژەکەیش پەنا دەباتە بەر فیڵ و، ئاگەداری دەکاتەوە کە نیسکەواکە ماوەو لەناو حەوشەی کۆشکەکەدا لەخوار پەنجەرەکەوە بۆی هەڵگرتووە، بەو شێوەیە دەیباتە لای پەنجەرەکەو داوای لێ دەکات تەماشای خوارەوە بکات، بۆ ئەوەی قەزانە نیسکەواکە ببینێت، ئەو کات پاڵی پێوە دەنێت و دەیخاتە خوارەوەو یەکسەر گیانی دەردەچێت، کیژەیش ڕادەکاتە ناو حەوشەی کۆشک و لە خوارەوەی پەنجەرەکە چاڵێك هەڵدەکەنێت و لەوێ دەیشارێتەوە.

ئیدی گوڵخاتر لەگەڵ شادا ژیانێکی کامەران دەگوزەرێنێت، بەڵام ڕۆژێکیان لە پەنجەرەکەوە تەماشا دەکات، لەو شوێنەی لەناو حەوشەی کۆشك کە دایکی شاردووەتەوە ڕووەکێك شین بووە، گوێی ناداتێ، بەڵام تا دێت ئەو ڕووەکە گەورەترو درێژتر دەبێت، تا دەبێتە درەختێك، کاتێك کیژەکە تەماشای گەڵاو لق و پۆپەکانی دەکات کە بەرانبەر پەنجەرەکە پرش و بڵاو دەبوونەوە، سروەی با

هەڵی دەکردو، گەڵاکان دەجووڵانەوەو دەیانگوت: نیسکەواکە چی لێ هات، نیسکەواکە چی لێ هات؟.

ئێوارەیەکیان کاتێك گوڵخاتر و مێردەکەی لەسەر خوان سەرقاڵی شێوخواردن دەبن و قسەو باسی خۆش دەگێڕنەوەو پەنجەرەکە لەسەر پشت دەبێت، سروەیەکی فێنك هەڵدەکات و گەڵای درەختەکە دەجوولێتەوەو بە چرپەوە دەڵێت: نیسکەواکە چی لێ هات، نیسکەواکە چی لێ هات؟.

یەکسەر هەڵ دەستێت و بە هەڵەداوان دەچێت پەنجەرەکە دادەخات و، ترس و تۆقین و نیگەرانی لێ دەنیشێت، کە دەگەڕێتەوە سەر خوانەکە شا هەست دەکات ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوەو تێکچووە، بەڵکو فرمێسك دەبینێت بە چاوانیدا دەهاتنە خوارەوە، پرسیاری ئەو تێکچوونەی لێ دەکات، ئەویش هەوڵ دەدات خۆی لەو پرسیارە بدزێتەوە، بەڵام زۆری لێ دەکات ئەویش ئاگەداری دەکاتەوە کە لە ژیانی ئەو کۆشکە بێزار بووەو بیری کۆشکەکەی باوکی دەکاتەوە، کە لە کۆشکی پاشا فرەوانترو جوانترە.

شا سەری سوڕدەمێنێت لەوەی دەیبیسێت و سوێند دەخوات کە دەبێت کۆشکی باوکی ببینێت، ئەگەر لە کۆشکەکەی ئەو جوانترو فرەوانتر نەبێت، ئەوە دەیکوژێت. گوڵخاتر بە خۆی بڕوای نەدەکرد ئەو قسەیەی لەزار هاتبێتە دەرەوەو، لەو هەڵەیەی پەشیمان دەبێتەوە کە لە ساتێکی تووڕەبوندا دەیکات.بەڵام دەبێت لە گەڵ شای مێردیدا بڕوات تا ماڵی باوکی پێ پیشان بدات، بۆیە هەر

وێڵ و سەرگەردان ئەو دەشت و دەرە دەداتە بەرو نازانێت سەری بە کوێدا دەتەقێتەوە، هەموو جارێکیش شا پرسیاری لێ دەکات:ماڵی باوکت لە کوێیە؟ کەی دەگەین؟ لە کاتێکدا هەموو دەڤەرو ناوچەو هەرێمەکانی وڵاتی پێ دەکات، تا دەگەنە چۆڵەوانییەك، نە ئاوەدانی و نە دارو درەخت و نە پووشی تێدا دەبێت، شا پێی دەڵێت : بێگومان تۆ درۆ دەکەیت، دەبێت بتکوژم.

دەست دەداتە شمشێرەکەی، بەڵام تکای لێ دەکات جارێك دان بە خۆیدا بگرێت و داوای لێ دەکات مۆڵەتی بداتێ لەو دیو تەپۆڵکەیەکەوە ئیشێکی هەیە دەیکات، شایش مۆڵەتی دەداتێ.

گوڵخاتر دەیەوێت هەڵبێت، بەڵام کە دەچێتە ئەو دیوی تەپۆڵکەکەوە کیسەڵێکی گەورە دەبینێت، پرسیاری لێ دەکات : گوڵخاتر چی هەڵەیەکت کردووە؟ کیژەیش سەری سوڕ دەمێنێت و، دوایی داوای لێ دەکات یارمەتی بدات، کیسەڵیش داوای لێ دەکات بچێت شا بهێنێت و بەڵێنی دەداتێ لەو شوێنەی خۆی خشتێك ببینێت ئەڵقەیەکی پێوە بێت، تەنیا خشتەکە بەرز بکاتەوەو بچێتە خوارەوەو، ئەو شتانە ببینێت کە شا سەرسوڕمان بکەن، یەکسەر بەرەو لای شا تێدەقێنێت، بەڵام کیسەڵەکە ئاگەداری دەکاتەوە نابێت لە حەوت ڕۆژ زیاتر لە خوارەوە بمێنێتەوە، ئەگینە هەموو شتێك پێچەوانە دەبێتەوە.

گوڵخاتر بە خۆشی و کامەرانییەوە دەگەڕێتەوە لای پاشای مێردی، کەچی شا هێشتە هەر تووڕە دەبێت و، هێشتە شمشێرەکەی بەدەستەوە دەبێت، ئاگەداری دەکاتەوە کە گەیشتوونەتە کۆشکی


باوكی، ئەم جا دەیباتە ئەو شوێنەی كیسەڵەكەی لێ دەبێت، خشتێك دەبینێت ئەڵقەیەكی پێوە دەبێت، بەرزی دەكاتەوە، خۆی بەرانبەر ژێرزەمینێك دەبینێتەوە، لەگەڵ شادا هەردووكیان دەچنە ناو ژێر زەمینەكەوە، دەبینن لە كۆشكێكدان كەس نەیبینیوە، دەرگەی فرەوان، گومەزی بەرز، پێپلكانەكانی لە مەڕمەڕ، خۆڵی عەنبەرو، چراكانی لە دوڕو مەرجان دەبن، وەك بڵێیت جنۆكە دروستی كردوون.

لەگەڵ شادا چەند ڕۆژێك لەوێ دەمێننەوەو بە خۆشی و شادییەوە خۆشترین میوەو خواردن دەخۆن، تا ڕۆژی حەوتەم دێت، قسەی كیسەڵەكەی بیر دەكەوێتەوەو بە مێردەكەی دەڵێت: بیری كۆشكەكەی تۆ دەكەم و، ئیدی باسی كۆشكەكەی باوكم ناكەم، شایش لێی دەبورێت.

لە ژێرزەمینەكە دێنە دەرەوە، بەو چۆڵەوانییەدا دەچن كە نە ئاوەدانی و نە درەختی لێ نابێت، ئەوەند نارۆن ژنە داوا لە شا دەكات ئیشێكی هەیە جێبەجێی دەكات و، دەچێتە پشتی تەپۆڵكەكەو، كیسەڵەكە دەبینێت، كە دەرگای ژێرزەمینەكەی لێ دەبێت، سوپاسی دەكات و پرسیاری لێ دەكات كە كێیە وا ئەو یارمەتییەی دا، ئەویش دەڵێت ئەو پیرە ژنەیە كە پێشوازی لێ كردو قەزانە نیسكەواكەی دەرخوارد دا.

ئیدی شاو هاوسەرەكەی دەگەڕێنەوەو بە شادی دەژین و منیش ماندوو بووم و گەڕامەوە، كڵاشم دڕاو هیچم پێ نەبڕا.

# چیرۆکی داپیرەو مام ڕێوی



# چیرۆکی داپیرەو مام ڕێوی

داپیرەیەك چەند سەر بزنی هەبوو بە خێوی دەکردن و ئێواران دەیدۆشین و شیرەکەی هەوێن دەکرد و دەبووە ماست، بەیانیان دەیبرد بۆ بازاڕو دەیفرۆشت و بە پارەکەی گوزەرانی دەکرد . ڕۆژانە ئەم کارەی دەکرد . بەیانییەك لە خەو هەستا سەیری کرد ماستەکەی خوراوە . زۆر دڵنیگەران بوو ، ئێوارە پاش ئەوەی بزنەکانی دۆشی و شیرەکەی هەوێن کرد تا ببێتە ماست، هەستا تەبەرێکی بە هەسان تیژکردو چەند پارچە جلێکی بە خۆیدا داو خۆی لە نزیك ماستەکە شاردەوە, ماوەیەك تێپەڕی ، بینی وا ڕێوییەك هات و خەریکە ماستەکەی بخوات، داپیرەیش تا هێزی تێدا بوو تەبەرەکەی بە کلکیدا داو کلکی مام ڕێوی لە بنەوە قوت کرد .

کاتێك ڕێوی چووەوە ناو گەلە ڕێوییەکانی دەشت و دەر، ئەوان کە مام ڕێوییان دیت کلکی قوتە، پێکەنین و گاڵتەیان پێکردو تێکڕا دەیانگوت : مام ڕێویلە قوتوو قوتوو، وێوە بڕۆ شەرمم بە توو، ئەمەیان چەند جار دووپات دەکردەوە. مام ڕێوی زۆر بە خۆیدا شکایەوەو ڕێی گرتە بەرو بە شەرمەزاری و سەرکزی هاتە لای

داپیرەو گوتی : داپیرە کلکە قورێم وێدەوە . داپیرە گوتی : بزنەکانم چەند ڕۆژە هیچیان نەخواردووەو شیر لەگوانیاندا نییە گوانیان ئیشک بووە، بڕۆ بڕێك گەڵادارم بۆ بێنە تا بە بزنەکانی بدەم، ئەوجا کلکە قوریت وێدەدەمەوە . ڕێوی هەڵساو چووە بن دارێك و گوتی : دار گەڵا دا بۆ بزن دا، بزن شیر دا بۆ داپیرە دا، داپیرە کلکە قورێم وێدا ؟

دارەکە گوتی : عەیامێکە ئاو نەدرایمەو خەریکە ئیشك دەبم، بڕۆ ئاو بێنەو ئاوم بدە تا گەڵات وێدەم .

کانییە ئاوێك لە نزیك دارەکە هەبوو، مام ڕێوی چووە لای کانییەکەو گوتی : کانی ئاو دا بو دار دا، دار گەڵا دا بۆ بزن دا، بزن شیر دا بۆ داپیرە دا، داپیرە کلکە قورێم وێدا !!

کانییە ئاوەکە گوتی : مام ڕێوی دەبینیت ئەمن ئیشك بوومەو چەند ساڵە سەیرانکەرانم نینە سەیران و شاییم لە دەورێ ناکەن !!

بڕۆ هەندێك کیژو کار بێنە شاییم لە دەورێ بکەن، منیش دەبووژێمەوەو ئەو کات ئاوت وێدەدەم . مام ڕێوی سەیری کرد هەندێك کیژو کار خەریکی چیلکە خڕکردنەوەن . چووە لایان و گوتی : کیژ شایی کا لە کانی کا، کانی ئاو دا لە بۆ دار دا، دار گەڵا دا بۆ بزن دا، بزن شیر دا بۆ داپیرە دا، داپیرە کلکە قورێم وێدا!!

کیـژەکان گوتیـان : ئـەم کانییـە ماوەیـەکی زۆرە ئیـشك بـووەو هـەموو دەورو پـشتی بووەتـە چـقلّ و دڕك، ئێمـەیش پێمـان خاووسـە، ناتوانین شـایی بکـەین ، بـڕۆ هەنـدێك کـەوش و سـۆلمان بـۆ پەیـدا بکـە تا بێین شایی بکەین !!

ناچار مام ڕێـوی چـووە لای پینـەدۆزێك و گـوتی : وەسـتا سـۆل کـا لە بۆ کیژ کا، کیژ شایی کا بـۆ کـانی کـا، کـانی ئـاو دا لـە بـۆ دار دا، دار گەڵا دا بۆ بـزن دا، بـزن شـیر دا بـۆ داپـیرە دا، داپـیرە کلکـە قـورێم وێدا !!

وەسـتا گـوتی : بەسـەر چـاوان کـەوش و سـۆلت بـۆ دەکـەم بـەڵام دەمێکـە ئـارەزووی هێلکەمـە ، بـڕۆ هەنـدێك هێلکـەم بـۆ بێنـە تـا سۆلت بـۆ دروسـت بکـەم . مـام ڕێـوی گـوتی : لـە کـوێ هێلکـەت بـۆ پەیـدا بکـەم . وەسـتا گـوتی : لەسـەر ئـەو سـەرکەوانەی وا چـەند مریـشکێك چـینە دەکـەن، بـڕۆ لای ئـەوان . مـام ڕێـوی چـووە لای مریشکەکان و گوتی : هێلکـە کـا بـۆ وەسـتا کـا، وەسـتا سـۆل کـا لـە بۆ کیژ کا، کیـژ شـایی کـا بـۆ کـانی کـا، کـانی ئـاو دا لـە بـۆ دار دا، دار گەڵا دا بۆ بـزن دا، بـزن شـیر دا بـۆ داپـیرە دا، داپـیرە کلکـە قـورێم وێدا !!

مریـشکەکان گوتیـان : ئێمـە لەسـەر ئـەم سـەرکەوانە شـتێکی وا نـاخۆین بـە هێلکـە بـێین، بـڕۆ نـەختێك گـەنمان بـۆ بێنـە بیخـۆین تـا هێلکەت بۆ بکەین .

بە ڕێکەوت خەرمانێك نزیك وێ هەبوو ، مام ڕێوی چوو ڕووی لەسەپانەکان کردو گوتی : خەرمان بەرەکەت، خێرو بەرەکەت . سەپانەکان گوتیان خێرە مام ڕێوی ڕێت بێرە کەوتووە، مام ڕێوی گوتی : هاتوومە نەختێك گەنم بدەنێ، سەپانەکان گوتیان : ئەوە چەند ڕۆژە باو شەماڵی نایە، بێ ئەوەش شەنە با ناکرێت، مام ڕێوی گوتی باو شەماڵ لەسەر من، هەستا چوو لەو سەری بایەکی بەردایەوەو چەند دەنگێکی لێ بەربووەوەو کردی بە باو شەماڵ . سەپانەکان پاش شەنە با کردن دوو سێ کیسە گەنمیان بە مام ڕێوی دا . مام ڕێوی هات گەنمەکەی لەبەردەمی مریشکەکان ڕوو کردو مریشکەکان گەنمەکەیان خواردو هەشت نۆ هێلکەیان بۆ مام ڕێوی کردو، ئەویش هێلکەکانی بۆ وەستای سۆل بردو وەستا هەستا چەکوچ و دەزگەی هێنا، ترنگ ترنگ کەوش و سۆلی بۆ مام ڕێوی دروست کردو مام ڕێوی کەوشەکانی بۆ کیژەکان هێناو لە پێیان کردو هاتنە سەر کانییەکە, دەستیان بە شایی و هەڵپەڕکێ کردو دەیانگوت : منجۆلی و منجۆلییە، عارەبیم منجۆلییە، لە خۆشیان کانی ژیایەوەو بلّق بلّق ئاوی لێ هەڵقوڵی .

مام ڕێوی بە جۆگەکەدا ئاوی هێنایە بن دارەکە. دارەکە ئاوی خواردەوەو گەڵای دەرکرد .مام ڕێوی یەك دوو گونیەی پڕ لە گەڵا کردو بردی لەبەردەم بزنەکانی داناو بزنەکان گەڵاکانیان خواردو گوانیان پڕ لە شیر بوو. داپیرەیش بزنەکانی دۆشی و شیرەکەی وەك جاران هەوێن کرد، ئەنجا هەستا نەختێك قیری گەرم کردو کلکی

قوتـاوی مـام ڕێـوی جـوان جـوان پێـوە لکانـدو زەنگۆڵەیەکیـشی بـە کلکەوە کرد .

مـام ڕێـوی کاتێـك چـووەوە نـاو ڕێوییـەکان کـە پێـشتر گاڵتـەیان پێدەکرد، دیتیان مام ڕێـوی زەنگۆڵـەی بـە کلکەوەیـە، ئیرەییـان پێبردو گوتیان مام ڕێوی ئەم زەنگۆڵەیـەت لـە کـوێ بـوو؟ مـام ڕێـویش زۆریـان لێ داغدار بوو، دەیویست تۆڵـەی خـۆی بکاتـەوە . پێـی گـوتن گۆمـەك هەیـە پـڕی زەنگۆڵەیـە . ئـەوانیش گوتیـان : مـام ڕێـوی پێـشانمان نادەیت ؟ ئەویش پێشیان کەوت و بردنیە سەر گۆمەکی زۆر قووڵ .

یـەکێك لـە ڕێوییـەکان زۆر تامـەزرۆ بـوو، یەکـسەر خـۆی بـە گۆمەکـەدا داو ژێـر ئـاو بـوو ، لـە بنـەوە دەخنکـاو هەناسـەی دەبـووە بڵقی سەر ئـاوی گۆمەکـە، ڕێوییـەکان گوتیـان : مـام ڕێـوی ئـەوە چـی دەڵێـت ؟ ئـەویش گـوتی : ئـەوە دەڵێـت زەنگۆڵـەکان کـەمن، ئـەوەی زوو پێڕا نەگات بەری ناکەوێت .

هەر ڕێوی بوو یەك لـە دوای یـەك خۆیـان هەڵدایـە نـاو گۆمەکـەوەو گشتیان خنکان . مـام ڕێـوی زەنگۆڵـەدار ئـەو دەشـت و دەرەی بەتـەنیا بـۆ مایـەوەو بـە ئـارەزووی خـۆی راوی تێـدا دەکـرد . منـیش هاتمـەوەو کلاشم دڕا ، هیچم پێنەبڕا .

تێبینی :

ئـەم چـیرۆکە لـە زاری مامۆسـتا فـارووق جـەلی زادەوە تۆمـار کراوە .

# ( خام فا ) و خاتوونی عا ج



# چیرۆکێکی فۆلکلۆری لە (لاوس)ەوە

## (خام فا) و خاتوونی عاج

هەبوو نەبوو لاوێکی هەژار هەبوو ناوی (خام فا) بوو، لەگەڵ داپیرەیدا لە خانۆچکەیەکی داڕووخاوی ئەوپەڕی گوندەوە دەژیان. شەوو ڕۆژ بێ ماندوو بوون ئیشی دەکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا نەیدەتوانی پاروویەك نان پەیدا بکات و داپیرەی پێ تێر بکات، بۆیە زۆر جار دەستی لە خەڵکی پان دەکردەوە.

لە شوێنێکی نزیکی گوندەکەوە دارستانێکی چڕ هەبوو پێی مرۆڤی پێ نەکەوتبوو، چونکە وا بڵاوبووبووەوە کە ئەجندەی تێدایە.

بەڵام (خام فا) دەیەوێت بچێتە ناو دارستانەکەوەو پارچەیەك زەوی تێدا پاکژ بکاتەوەو بیکێڵێت. یەکەمین ڕۆژ بەوپەڕی تواناوە ئیش دەکات، درەختەکان دەبڕێتەوەو گیاو گۆڵە لە ڕووپێوێکی باش دادەپاچێت، پاشان ئێوارە دەگەڕێتەوە لای داپیرەی و سەرکەوتن و کاری ئەو ڕۆژەی بۆ باس دەکات. هەردووکیان زۆر پێخۆشحاڵ دەبن چونکە لە ماوەی ساڵێکدا بڕێکی باشی برنج و گەنمە شامییان دەبێت. بەڵام کاتێك بەرەبەیانی دواتر دەچێتە دارستانەکە تا لەسەر

ئیشەکە بەردەوام بێت، زۆر سەری سوڕدەمێنێت: چونکە ئەو درەختانەی دوێنێ بڕیبوونیەوە سەر لەنوێ شین بوونەتەوەو گەڵایان کردووە وەك بڵێیت هیچ شتێك ڕووی نەدابێت. بەڵام (خام فا) دەست دەداتە تەوشییەکەی و دەست بە ئیش کردن دەکاتەوە تا شەو دادێت.

کاتێك ڕۆژی دواتر دەگەڕێتەوە دارستانەکە هەمان دیمەنی سەیر دەبینێت. بەڵام نائومێدی دای ناگرێت. بڕیاری دابوو ئەو ڕووپێوەی دارستانەکە چاك بکات و بکیلێت، تا بەرو بوومێك پێشکەش بە داپیرەی بکات پێی گوزەران بکات.

بەهۆی کارلێکردن و سووربوونی ئەو لاوەوە ئەجنەدەی دارستانەکە بڕیار دەدات خۆی لەشێوەی پیرەمێردێکدا پیشانی (خام فا) بدات و تەڵەیەکی سیحری پێ دەبەخشێت و پێی دەڵێت ئەو تەڵەیە لەو شوێنەدا دابنێتەوە کە چاکی کردووە، پاشان بگەڕێتەوە ماڵ، لاوەکە، پیرەمێردەکە چی پێ دەڵێت، وادەکات.

ڕۆژی دواتر، کاتێك (خام فا) دەگاتە دارستانەکە (فی نووی) دێوە بچووکەکە دەبینێت بە تەڵەکەوە بووە.

دەیەوێت بیکوژێت و تۆڵەی لێ بکاتەوە، چونکە ئەم (فی نووی)ە، دووجار ئەو کارەی لێ تێك داوە کە چاکی کردبوو. بەڵام (فی نووی) لێی دەپاڕێتەوە نەیکوژێت و بەڵێنی پێ دەدات لە

هەلێکــدا چــاکەی بداتــەوە. (خــام فــا) بــەزەیی پێــدا دێتــەوەو دەیبەخشێت.

ئیــدی لــەو ڕۆژەوە بــە شــێوەیەکی ئاســایی کــار بــەرەو پێــشەوە دەچێت، بــەهۆی کۆشــش و ڕەنجــی بــەردەوامی (خــام فــا)و دان بــەخۆدا گرتنییــەوە دەتوانێــت پارچــەیەکی بــەرفرەوانی زەوی چــاك بکــات و کێڵگەیەکی شینی جوانی مەرەزەو گەنمە شامی بڕازێنێتەوە.

ڕۆژێکیان (خام فا) تۆڕەکـەی دەخاتـە نێـو کانییەکـەوە تـا هەنـدێك ماسـی بـۆ بگرێـت، بـەڵام کاتێـك ڕۆژی دواتـر دەگەڕێتـەوە دەبینێـت تۆڕەکـە هـیچ ماسـییەکی پێـوە نـەبووە. لـەکاتی گەڕانـەوە بـەرەو مـاڵ (فی نووی) دەردەکەوێت و پێی دەڵێت:

- خام فا تۆڕەکـەت بخـەرە نێـو کانییەکـەوەو لـەیادت نەچێت تەڵـە سـیحرییەکەیش دابنێیتـەوە. ئیـدی سـبەینێ بـەیانی بەچـاوی خـۆت دەبینیـت چـی ڕووی داوە. ڕۆژی دواتـر (خـام فـا) سـەر لـە کانییەکـە دەدات، دەبینێـت شـای ئـەژدیها بـە تەڵەکـەوە بـووە، کاتێـك دەیـەوێت لــە تۆڵــەی کارەکەیــدا بیکوژێــت، ئــەژدیها لێــی دەپاڕێتــەوە کــە بیبەخشێت، دووپاتی دەکاتـەوە لـە دەرفەتێکـدا چـاکەی بداتـەوە. بۆیـە (خـام فـا) بـەزەیی پێـدا دێتـەوەو دەیبەخشێت. ئـەو کاتـەی مـەرەزەو گەنمە شـامییەکە خـەریك دەبـن پێدەگەیـشتن بڕێـك گیانلەبـەری کێویلـە دێن و پێـشێلیان دەکـەن، ئیـدی (خـام فـا) نەیـدەزانی چـۆن کێڵگەکـەی بپارێزێت، (فی نووی) دەردەکەوێت و پێی دەڵێت:

ــ گەورەم (خام فا) تۆ لە بیرت چووەتەوە کە تەڵەیەکی سیحریت هەیە، ئەو تەڵەیە یارمەتیت دەدات و بەر لە گیانلەبەرە کێویلەکان دەگرێت. (خام فا) دەچێت تەڵەکە لە کێڵگەکە دابنێتەوە. بەم شێوەیە دەتوانێت گەورەی ڕێویان و گەورەی پڵنگان و گەورەی شێران یەك لەدوای یەك بگرێت. هەمووشیان لێی دەپاڕێنەوە بیانبەخشێت و بەڵێنی پێ دەدەن چاکەی بدەنەوە، ئەویش هەموویان دەبەخشێت. ڕۆژێکیان گەورەی فیلان دێت و دەیەوێت کێڵگەکە پێشێل بکات تەڵە سیحرییەکە دەیگرێت و لەبەردەم (خام فا)دا کڕنووش دەبات و لێی دەپاڕێتەوە بیبەخشێت: (خام فا) بەزەیی پێدا دێتەوەو ئازادی دەکات. بەر لەوەی گەورەی فیلان بگەڕێتەوە دارستان یەکێك لە ددانەکانی خۆی لێدەکاتەوەو بە (خام فا)ی دەبەخشێت و داوای لێدەکات لە شوێنێکی دوورە دەستی دانێت.

ڕۆژێکیان (خام فا) لەگەڵ نەنکیدا دەچن کێڵگەکە بەسەر بکەنەوە. کاتێك دەگەڕێنەوە ماڵ دەبینن پاکژ کراوەتەوەو خوانێکی تێرو تەسەلیان بۆ ئامادەکراوەو بۆیان دانراوەو چاوەڕێیان دەکات. وا دەزانن (بوودا) بۆی ناردوون و بەزەیی پێدا هاتوونەتەوە، لەسەر خوانەکە دادەنیشن تا دەتوانن تێر دەخۆن.

ڕۆژی دواتر هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، ئەم دیاردەیە لە ڕۆژانی دواتریشدا سێ بارە دەبێتەوە.

ڕۆژێکی دیکە (خام فا) لەگەڵ داپیرەیدا دەچن سەر لە کێڵگەکە بدەن، لە نیوەی ڕێگە بەجێی دەهێڵێت و خێرا دەگەڕێتەوە ماڵ و لە گۆشەیەکی لاتەریکدا خۆی دەشارێتەوە.

لە کاتی نیوەڕۆدا کیژێکی جوان دەبینێت لە ددانی فیلەکەوە دێتە دەرەوە، دەست بە ئیش و کاری جاران دەکات، ناوماڵ کسگ دەدات و ڕێکی دەخات و دەچێتە مووبەقەکەوەو ژەمێك خواردنی بەتام دەهێنێت و لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دایدەنێت.

(خام فا) زۆری پێ خۆش دەبێت، هەل دەقۆزێتەوەو سوود لەو ماوەیە وەردەگرێت کە کیژەکە دیار نابێت، دزە دەکاتە ژوورەکەوەو ددانە فیلەکە دەبات و دەیشکێنێت. کاتێك کیژەکە گوێی لە تەقە تەق دەبێت ڕادەکات و دەیەوێت بچێتە ناو ددانی فیلەکەوە. دەبینێت تێکشکێنراوە. ئەو کات ڕاستی بە(خام فا) دەڵێت کە کیژی گەورەی فیلانەو باوکی فەرمانی پێ کردووە بچێت خزمەتی (خام فا) بکات و لە پاداشتی چاکەکەیدا خواردنی بۆ دروست بکات. کاتێك (خام فا) بە نهێنییەکە دەزانێت داوا لە کیژەکە دەکات لای بمێنێتەوەو ببێتە ژنی.

(خام فا)ی بێ باوك و نەدارو نەدارترین لاوی گوند، دەبێتە خاوەن ژن، ژنێکی جوان و دەست ڕەنگین و جوانترین و دەست ڕەنگینترین ئافرەت لە هەموو ولاتدا، ئیدی لەو ڕۆژەوە ئەو ژن و مێردە کامەرانە خۆشترین ڕۆژگار لەگەڵ نەنکەکەیدا بەسەر دەبەن.

بەڵام ئەوەندە نابات نەگبەتی خەریك بوو ڕوویان تێ بكات، (شاو مۆنگ)ی فەرمانڕەوای وڵات دڵی لە جوانیی ژنەكەی (خام فا) دەچێت، بڕیار دەدات بۆ خۆی زەوتی بكات. بەدوای (خام فا)دا دەنێرێت و پێی دەڵێت:

ـ سبەینێ كەڵەشێرەكەت دێنیت چونكە پێشبڕكێی كەڵەشێران ڕێك دەخەین. ئەگەر كەڵەشێرەكەی من دۆڕا جێی من دەگریتەوەو دەبیتە فەرمانڕەوای وڵات، ئەگەر كەڵەشێرەكەی تۆ دۆڕا ئەو كات ژنەكەت دەبێتە ژنی من. (خام فا) دەگەڕێتەوە ماڵ و خەم و پەژارەی بەسەردا دادەبارێت. ڕووداوەكە بۆ ژنەكەی دەگێڕێتەوە. لەو دۆخەی خۆی نائومێد دەبێت كە لێ دەرچوونی نەبێت. (فی نووی) دەردەكەوێت و دەربارەی هۆی زیزی و پەژارەی پرسیاری لێ دەكات. كاتێك هۆیەكە دەزانێت پێی دەڵێت:

ـ گەورەم (خام فا) نیگەران مەبە. سبەینێ باشترین كەڵەشێری شەڕكردنت دەبێت و هەر تۆیش سەردەكەویت.

ـ هەقت نەبێت خۆم تەگبیرت بۆ دەكەم.

(فی نووی) دەگەڕێتەوە دارستان و بانگی گەورەی ڕێوییان دەكات كە پێشتر (خام فا) بەخشیبووی، داوای لێدەكات بچێت یارمەتی بدات. ڕۆژی دواتر (خام فا) دەگاتە ماڵی (شاو مۆنگ) و ڕێوییەكی لەگەڵ دەبێت كە خۆی كردبووە كەڵەشێر. كاتێك (شاو مۆنگ) دیتی كەڵەشێرەكەی (خام فا) بچووك و لاوازە

دەگەشێتەوەو هیچ گومانێکی لا نامێنێت کە کەڵەشێرە گەورەو بەهێزەکەی دەباتەوە، ئەوەی ئەو هیچ نەدۆڕاوە، بەڵام بەر لەوەی یەکەمین گێم کۆتایی بێت ڕێوییەکە (کە خۆی کردبووە کەڵەشێر) ملی ڕکەبەرەکەی دەشکێنێت و دەست بەجێ مردار دەبێتەوە. (شاو مۆنگ) دەدۆڕێنێت بەڵام خۆی بەدەستەوە نادات. بیر لە هۆیەك دەکاتەوە کارەکە بە سوودی خۆی بشکێتەوەو بەبێ شەرمییەوە لەبەردەم دەست و پێوەندو ئامادەبوواندا ڕایدەگەیەنێت کە کەڵەشێرەکە مردار بووەتەوە بەڵام نەدۆڕاوە.

بۆیە بە (خام فا) ڕادەگەیەنێت کە سبەینێ خۆی بۆ شەڕە گا ئامادە بکات، کە چارەنووسی سەرکەوتوو و دۆڕاو دیاری دەکات.

سەرچاوە: گۆڤاری (لوتس) ژمارە (٦٠)ی پاییزی ساڵی ١٩٨٦ ل (٦٦-٦٨).

# پاسارییەکی پەڕو باڵ سەوز



# چیرۆکێکی فۆلکلۆری لە پورتوگالەوە

## پاسارییەکی پەڕو باڵ سەوز

هەبوو نەبوو ، سالانی زوو پاشایەك و پاشاژنێك هەبوو، کچێکیان هەبوو هیچ ئەڤینداری نەکردبوو، تەنیا کاتی خۆی ڕۆژانە لە بالکۆنی تەلارەکەیاندا بەسەر دەبرد.

ڕۆژێکیان لە بالکۆنەکەدا دەبێت پۆلە پاسارییەك لێی نزیك دەبنەوە، لە نێویاندا پاسارییەکی پەڕو باڵ سەوز دەبینێت کە پۆلە پاسارییەکە بەجێ دەهێڵێت و دێت لەسەر شوورەی بالکۆنەکە دەنیشێتەوەو دەست بە یاری کردن لەگەڵ شازادەدا دەکات کە قژی دادەهێنا، بەرلەوەی قژی ببەستێتەوە، قردێلەی قژبەستنەوەکەی دەڕفێنێت و لەشەقەی باڵ دەدات و دەفڕێت، شازادەیش لە قاقای پێکەنین دەدات.

بەرەبەیانی دواتر، زۆر زوو دەچێتە بالکۆنەکە چاوەڕوانی پاسارییەکە دەکات کە دێت و لەسەر شوورەی بالکۆنەکە

دەنیشێتەوەو، ئەم جار دەستەسڕەکەی دەڕفێنێت و باڵ دەگرێتەوە، بەڵام چی دیکە نایەتەوە.

شازادە غەمێکی قووڵ دایدەگرێت و تەنانەت ناچێتە بالکۆنەکەیش و لە ژوورەکەی ناچێتە دەرەوە. شا ناچار دەبێت فەرمان بە جاڕدەر بدات بە شاردا بڵاوی بکاتەوە هەر کەسێك وا بکات شازادە پێ بکەنێت هەرچی بوێت شا ئامادەیە بۆی دەستەبەر بکات. بەڵام کەس ناتوانێت کارێکی وا بکات شازادە پێ بکەنێت.

ڕۆژێکیان پیرەمێردێك دێتە ناو کۆشکی پاشاوەو بە دەوری جێگەو نوێنەکەی شازادەدا دەخولێتەوەو قسەی جوان و نوکتەی سەیری بۆ دەگێڕێتەوە تا سەرنجی ڕابکێشێت و پێ بکەنێت، بەڵام شازادە زۆر دڵتەنگ دەبێت و، فەرمان بە کەنیزەکان دەکات لە ژوورەکەی وەدەر نێن.

پیرەمێرد دەگەڕێتەوەماڵەوەو هاوسەرەکەی لێی دەپرسێت:

- توانیت کارێکی وا بکەیت شازادە پێ بکەنێت؟

- نە پێکەنی و نەهیچ.

- کەواتە خۆم سبەینێ سەرێکی لێ دەدەم.

ڕۆژی دواتر پیرەژنەکە بەرەو تەلاری شا بەڕێ دەکەوێت، لە ڕێگەدا شوورەیەکی وێرانە دەبینێت چەندین قۆرت و چاڵی لە دەور دەبێت. لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

- چ جۆره ئیبلیسێك لێره نیشتەجێن؟ کامیان ئەو کارەیان کردووە؟ پیرەژنەکە بیر دەکاتەوەو دەڵێت :(با ببینین، بزانن چی بۆ شازادە دەکەم، دەیکەم).

کاتێك دەگاتە لای شوورەکەو لێی نزیك دەبێتەوەو لێوەی تەماشای خوارەوە دەکات، پۆلە پاسارییەك دەبینێت کە نزیك دەبنەوەو دەخولێنەوەو پاسارییەکی پەڕو باڵ سەوزیان تێدا دەبێت، کە دەڵێت:

- قردێلەیەکی قژبەستن و دەستەسڕێك و شانەیەك، کێ چاکەیەکم لەگەڵدا دەکات تا ئەو یارەم ببینم کە ماوەیەکە نەمبینیوە؟ سێ جار کۆشکم هێنایە لەرزین بەڵام هیچ نەلەرزی .

هەرکە پیرەژن گوێی لەو قسانەی دەبێت تێی دەتەقێنێت و خێرا خۆی دەگەیەنێتە کۆشکی پاشاو داوا دەکات بیکەنە ژوورەوە، کە دەچێتە ژوورەوە بە دەوری جێگەو نوێنەکەی شازادەدا دەسوورێتەوەو نوکتە دەگێڕێتەوە کە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نابێت و شازادە ناهێننە پێکەنین، بۆیە ڕووداوەکەی لای شوورەکەی بیر دەکەوێتەوە کە بینیبووی و دەڵێت:

- شازادە شتێکت بۆ دەگێڕمەوە.

دەست بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە دەکات کە بینیویەتی، ئەو کات شازادە دەست بە پێکەنین دەکات و دەڵێت :

- خانمی سەلار بەردەوام بە، با گوێم لە پەیڤە شیرینەکانت بێت.

دەست بەجێ دەست بە زەنگ لێدان دەکرێت و شادی بڵاو دەبێتەوە کە شازادە پێکەنیوە. ئەو کات بە پیرەژنەکە دەڵێت بۆ لای ئەو شوورەی بەرێت.

کە دەچێتە لای شوورەکە. ئەو کات شازادە نیگایەك دەکات و دەبینیت پۆلە پاسارییەکە نزیك دەبنەوەو پاسارییە پەڕو پاڵ سەوزەکەیان لە نێواندایە، کە دەیگوت:

- قردێلێکی قژبەستن و دەستەسڕێك و شانەیەك، کێ چاکەیەکم لەگەڵدا دەکات تا ئەو یارەم ببینم کە ماوەیەکە نەمبینیوە! سێ جار کۆشکم هێنایە لەرزین بەڵام هیچ نەلەرزی .

ئایە شازادە مردووە یان هێشتە زیندووەو دەژێت؟....


شازادە وەڵامی دەداتەوە:

- من ماوم.

ئەو کاتە دەنگی هەرەسێکی گەورە دەبیسترێت و، ئەو سیحرەی لە پاسارییەکە کرابوو بەتاڵ دەبێتەوەو، دەبێتەوە بە کوڕە شازادەکەی جاران و کیژە شازادەکە مارە دەکات و دەبنە ژن و مێردی یەکدی و پیرەژنەکەیش لەگەڵیاندا لەناو کۆشکەکە دەمێنێتەوە.

سەرچەوە : ماڵپەڕی (alarabimag.net)

# پیرەمێرد و ورچ



# چیرۆکێکی فۆلکلۆری لە ڕووسیاوە

## پیرەمێرد و ورچ

هەبوو نەبوو، سالآنی زوو پیرەمێردێك هەبوو، ڕۆژێك دەچێتە نێو دارستان بۆ ئەوەی هەندێك پەتاتە بچێنێت، خەریکی پەتاتە چاندن دەبێت کاتێك ورچە بۆر دێت و پێی دەڵێت:

- پیرەمێرد پشتت دەشکێنم

ئەویش هاوار دەکات:

- نا نا ئەی ورچ پیاوی چاك بە پشتم مەشکێنە. تۆ واز لەوە بێنە و وەرە یارمەتیم بدە با شەتڵە پەتاتەکان بچێنین و ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ من و ئەوەیشی بە ڕووی عەردەوە بێت بۆ تۆی بەجێ دەهێڵم. ورچەکە دەڵێت لاریم نییە، بەڵام ئەگەر فێڵم لێ بکەیت ئەو کات جارێکی دیکە چاوت بە دارستانەکەم ناکەوێتەوە.

ورچە بۆر ئەوە دەڵێت و بەرەو گژو گیاکانی دارساتان تێی دەتەقێنێت .

پەتاتەکان گەڵا دەکەن و دەگەنە ئاستی پێویست. لە وەرزی باراندا کە پیرەمێرد دێت سەریان لێ بدات، یەکسەر ورچە بۆر

ئامـــادە دەبێــت و لـــە پـــشتەوەی ڕادەوەســـتێت و دەڵێــت: پیرەمێــرد ئێستە کاتی ئـەوە هـاتووە بەروبوومەکـە بـەش بکـەین، بەشـەکەی خـۆم بدەیـە. پیرەمێردەکـەیش بەشـە سـەوزەکە بـە ورچـە بـۆر دەدات، بـۆ خۆی سـەرکە پەتاتـەکان هەڵـدەگرێت و، لـە گالیسکەکەی بار دەکات و دەیەوێت بڕوات لە بازاڕی شار بیفرۆشێت.

ئـەم جـاریش ورچـە بـۆر لـە ڕوویـدا دەوەسـتێت و دەپرسێت: بـۆ کوێ دەچیت؟

ئەی ورچی دڵساف دەچم بۆ شار تا ڕەگەکان بفرۆشم.

ورچەکە دەڵێت: با تامی ئەم ڕەگانە بکەم.

کاتێـک تامیـان دەکـات دەسـت بـە بۆڵـە بـۆڵ دەکـات و تـووڕە دەبێـت و هەڕەشـە دەکـات و دەڵێـت: ڕەگـەکانت بـە تـامن، نەکـەی هـەرگیز جـارێکی دیکـە بێیتـە دارسـتانەکەم و بـارە داری لێ ببـەیت، ئەگینە پشتت دەشکێنم.

سـاڵی دواتـر لـە وەرزی کـشت و کاڵـدا پیرەمێردەکـە ڕوو دەکاتـە دارستانەکە. هەمان وتووێژ لـە نێـوان پیرەمێـردو ورچـە بـۆردا دووبـارە دەبێتەوە، بـەڵام پیرەمێردەکـە ئـەم جارەیـان گـەنمی دەچاند. ورچـە بـۆر دەڵێـت: یەکـەمین جـارفریوت دام و ڕەگـەکانت بـرد کـە بەچێژ بـوون و لـق و گـەڵا سـەوزەکانت بـۆ بـەجێ هێـشتم. ئـەم جارەیـان مـن ڕەگ و ڕیـشەکان دەبـەم و لـق و گـەڵاکانیش بـۆ تـۆ، ئەگـەر لاریـشت هـەبێت پشتت دەشکێنم.


بەو شێوەیە کە وەرز بەسەر چوو، گەنمەکە پێ گەیشت، پیرەمێردەکە گەنمەکەی برد و ڕەگەکانی بە ورچە بۆر بەخشی.

بە هەموو شێوەیەك ورچە بۆر ویستی ڕەگەکان بجوێت، کەچی نەیتوانی بیخوات ، بۆیە تووڕە دەبێت و هەر وە نییە لە داخاندا بمرێت.

بۆیە دەڵێن ئەم ڕووداوە بووەتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ و ورچ ڕکیان لە یەکدی ببێتەوە .

سەرچاوە: (madeed.com) .

# دەهۆڵ



# دەهۆڵ
# لە هیندستانەوە

هەبوو نەبوو، سالانی چوو، پیرەژنێکی هەژار هەبوو لە ماڵە دەوڵەمەندەکاندا ئاردی دەهاڕی بۆ ئەوەی خواردن بۆ تەنیا کوڕەکەی پەیدا بکات، ئەوانیش هەندێك نانیان پێ دەداو دەیفرۆشت و پێداویستی ژیانی پێ دەکڕی. بەڵام نەیدەتوانی جل و بەرگی جوان بۆ خۆی و لەیستۆك بۆ کوڕەکەی پێ بکڕێت . ڕۆژێکیان بۆ بازاڕ دەڕۆیشت، لە کوڕەکەی دەپرسێت چی دەوێت لە بازاڕ بۆی بکڕێت، کوڕەکەي خێرا بەرسڤ دەداتەوە: دایە دەهۆڵم دەوێت دەهۆڵ.

دایکەکە دەزانێت ئەو پارەیەی هەیەتی دەهۆڵی پێ نایەت، پێشبینییەکەیشی دروست دەرچوو ، پارەی فرۆشتنی نانەکان بەشی نەدەکرد، بەڵام بە ڕێگاوە تەختەدارێك دەدۆزێتەوەو بۆی دەهێنێتەوە.

کوڕەکە تەختەدارەکە دەبات و دەچێتە کۆڵان یاری پێ دەکات، پیرەژنێك دەبینێت خەریکە ئاگر بکاتەوە.. دووکەڵی ئاگرەکە ئەوەندە چڕ دەبێت فرمێسك لە چاوی دێتە خوارەوە، کوڕەکە لێی دەپرسێت بۆچی دەگریت، وەڵامی دەداتەوە کە بە هۆی ئەو چڕە

دووکەڵەوە فرمێسك بە چاوانیدا دێتە خوارێ بەڵام ناتوانم ئاگرەکەم بکەمەوە، کوڕەکەیش تەختەدارەکەی پێ دەدات و ئاگرەکەی پێ خۆش دەکات و شاگەشکە دەبێت. پیرەژنیش نانێکی پێ دەدات، کوڕەکە نانەکە وەردەگرێت و بە ڕێدا دەڕوات، پیرەمێردێك دەبینێت گۆزە دروست دەکات لەگەڵ ژنەکەی خۆی و منداڵێکیشیان هەر دەگریا. لێیان دەپرسێت بۆچی منداڵەکەیان دەگریت، ئەوانیش ئاگەداری دەکەنەوە کە منداڵەکەیان برسییەتی، کوڕەکە نانەکە دەداتە منداڵەکەو دەیخوات و دایکەو باوکەیش پێیان خۆش دەبێت، لە جیاتی ئەوە تەشتێکی پێ دەبەخشن لەوانەی باوکەکە دروستی دەکردن، ملی ڕێگە دەگرێت و دەڕوات ، تووشی بە تووشی پیاوو ژنێکی دیکەوە دەبێت ، پیاوەکە دەمەقاڵەی دەبێت لەگەڵ ژنەکەیدا و پێیدا هەڵدەشاخێت، لێی دەپرسێت بۆچی بەم شێوەیە لەگەڵ ژنەکەیدا دەمەقاڵێیەتی، پیاوەکە وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت: من جل دەشۆم و ئەم ژنەم تەنیا تەشتەکەی شکاندم و ناتوانم کار بکەم و پارەو پوول بۆ خێزانەکەم پەیدا بکەم. کوڕەکە تەشتەکەی پێ دەبەخشێت. جل شۆرەکە پێخۆشحاڵ دەبێت و ئەویش کوڵە باڵێکی پێ دەبەخشێت. کاتێك لە پردێك دەپەڕێتەوە پیرەمێردێك دەبینێت تەنیا کراسێکی لەبەردایە و لە سەرماندا دەلەرزێت، لێی دەپرسێت بۆچی دەلەرزێت ئەویش وەڵام دەداتەوە دەڵێت تەنیا کراسێکی تەنکم لەبەرەو سەرمامە. ئەویش یەکسەر کوڵەباڵەکەی پێ

دەبەخشێت. پیاوەکەیش لە جیاتی کوڵەباڵەکە ئەسپێکی پێ دەبەخشێت.

کاتێك کوڕەکە دڵی بە ئەسپەکەی خۆش دەبێت و بە ژمارییەك موزیکژەن دەگات لاویکیان لەگەڵ دەبێت جلو بەرگی زاوای لەبەر دەبێت، ئەو زاوایە زۆر تووڕەو کەلەیی دەبێت. کوڕەکە دەپرسێت بۆچی زاوا وا تووڕە بووە، ئەوانیش ئاگەداری دەکەنەوە کە چاوەڕوانی پیاوێك دەکەن بەڵێنی داوە ئەسپێك بێنێت بەڵام نەیهێناوە. کوڕەکەیش ئەسپەکەی خۆی پێ دەبەخشێت، باوکی زاواکە لێی دەپرسێت ئارەزووی چی دەکات پێی ببەخشن، یەکسەر کوڕە دەڵێت: دەهۆڵێکم دەوێت. یەکێك لە ئەندامانی گرووپەکە دەهۆڵەکەی خۆی پێ دەبەخشێت.

کوڕەکە بۆ ماڵ تێی دەتەقێنێت تا دایکی ئاگەدار بکاتەوە چۆن ئەو دەهۆڵەی دەست کەوتووە. هەر لە تەختەدارەکەوە کە دایکی لە سەرە رێگەوە بۆی هێنابووەوە هەمووی بۆ دەگێڕێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی (madeed.com) .

# شاو قەرەج



# شاو قەرەج
# لە بولگارياوە

شازادەیەك حەز لە کیژە قەرەجێك دەکات. باوکی ئاگەدار دەکاتەوە. باوکیشی قازی بانگ دەکات کە پیاوێکی دلێرو دانا دەبێت و داوای لێ دەکات بچێتە لای باوکی کیژەکەو داخوازی کیژەکەی لێ بکات.

قازی بەرەو ئەو شوێنە بەرێ دەکەوێت کە قەرەجەکانی لێن و پرسیار لە شوێنی باوکی کیژەکە دەکات خەلکانێك باوکی کیژەکەی پێ پیشان دەدەن. قازی دەڕوات لەبەردەم باوکی کیژەکەدا دادەنیشێت و پێی دەبێژێت: پێم خۆشە بە ناوی شاوە داخوازی کیژە جوانەکەت بۆ شازادەی مەرد بکەم.

هەرکە قازی ڕەوشت بەرز لە قسەکانی خۆی دەبێتەوە باوکی کیژەکە بە دارێکی ئەستوور دەکەوێتە وێزەی قازی و سەری دادەپلۆسێنێت، قازی لەو ڕەفتارەی قەرەجە گەوجەکە سەری سوڕ دەمێنێت و بە هەلەداوان خۆی دەگەیەنێتە کۆشکی شاو بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.

شایش لەو ڕەفتارەی قەرەجەکە واقی وڕ دەمێنێت و زۆر بیر دەکاتەوە. دواتر بانگی سەرهەنگی سوپاکەی دەکات کە پیاوێکی

ناشیرین و کەتەی زەبەلاح دەبێت و داوای لێ دەکات بچێتە لای باوکی کیژەکەو داخوازی کیژەکەی لێ بکات بۆ شازادە.

سەرهەنگەکە دەچێتە ئەو شوێنەی قەرەجی لێیەو پرسیار دەکات باوکی کیژەکە دەدۆزێتەوەو کە دەیبینێت بە سەریدا هەڵدەشاخێت: ئەدی تۆ ئەو پیاوە بێ نرخەی باوکی ئەو کیژە سووکە نیت؟

قەرەجەکە بە ڕێزەوە دەنووشتێتەوەو دەڵێت بەڵێ منم.


ئەویش بە قامچی دەکەوێتە وێزەی و دەڵێت: هاتووم .. لە بری شاو... شازادە ... داخوازی ... کچەکەت ... بۆ شازادە بکەم... چی دەڵێیت؟

دوای هەر وشەیەکیش قامچییەکی پێدا دەکێشێت.

قەرەجەکەیش دەڵێت: بەڵێ بەڵێ کیژەکە بۆ ئەوان بێت. سوپاسی شام بۆ بکە کە پیاوێکی بۆ ڕەوانە کردووم دەزانێت چۆن قسەم لەگەڵ دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی (madeed.com) .

# بۆچی درەختەکان چرپە چرپیانە؟



## له ئوسترالیاوه

## بۆچی درەختەکان چڕ پڕیانە؟

سـەردەمی زوو کاتێـك لەسـەر عـەرد درەختـەکان شـین بـوون، فەرمان بە مـرۆڤ کـرا بەهەشت بـەجێ بهێڵێـت و، دەسـت بـە کـارکردن بکـات، پیاوێـك پاچـێکی بـردو چـوو لـە دارسـتان درەخـت ببڕێتـەوە. یەکەمین درەخت کـە تووشـی بـوو بـە تووشـیەوە پێـی دەگـوترا (پینـە)، هەرکە پیاوەکە پاچـەکەی بـەرز کـردەوە تـا قـەدی درەختەکـە ببڕێتـەوە، گوێی لە دەنگێك بوو :

ـــ نـا، نـا، مـەمبڕەوە، ئـەو فرمێـسکە تورتـە نابینیـت لـە دەمارەکانمـەوە دێتـە دەرەوە؟ ئـەو کاتـەی دەمبڕیتـەوە، ئـەو فرمێـسکە بەدبەختیت بۆدێنێت.

پیاوەکـە واز لـە درەختەکـە دەهێنێـت و دەچـێت درەختێکـی دیکـە ببڕێتـەوە نـاوی (سـپرووس) دەبێـت، هەرکـە پیاوەکـە پاچـەکەی بـەرز دەکاتەوە تا بیبڕێت درەختەکە هاوار دەکات:

ـــ نـا هـەڵم مەکەنـە هـیچ سـوودێکم لـێ نابینیـت.. لقـەکانم نابینیت تێك ئاڵاون و قەدیشم چەوت و چەوێڵە؟

پیاوەکە بە تووڕەییەوە واز لە درەختەکە دەهێنێت و دەچێت لەناو جەرگەی دارستانەکەدا بە دوای درەختێکی دیکەدا بگەڕێت. تووشی بە تووشی درەختی (ئەلدێر)ەوە دەبێت، هەرکە پاچەکەی بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیبڕێتەوە گوێی لە دەنگێکی بەڕێز دەبێت هوشیاری دەکاتەوە: ناتوانیت لقەکانم ڕیشەکێش بکەیت، کەمێکی دیکە خوێن لە دڵمەوە فیشقە دەبەستێت و جەستەم خوێناوی دەبێت. ئەو کاتەیش پاچەکەی تۆ خەڵتانی خوێنی گەش دەبێت.

پیاوەکە ڕادەوەستێت و لە خوا دەپاڕێتەوە.

ــ خوایە چی بکەم. داری سووتەمەنی و کۆڵەکەی خانوو لە کوێ بێنم لەکاتێکدا هەموو درەختێکی ئەم دارستانە دەگریت و دەپاڕێتەوە نەیبڕمەوە؟

خواوەند پاش ئەوەی بەزەیی پێدا دێتەوە، پێی دەڵێت: بگەڕێوە دارستان. فەرمان بە درەختەکان دەدەم لەمەولا هیچ درەختێک لێت نەپاڕێتەوە.

پیاوەکە دەچێت وەك چۆن خواوەند ویستی وا دەکات چەندین درەخت دەبڕێتەوەو ئەوەی پێویستی پێ دەبێت چ بۆ سووتەمەنی و چ بۆ خانوو دروست کردن دەیبڕێتەوەو دەیبات.

درەختەکان ئەو کارەیان پێ ناخۆش دەبێت. بەڵام ناتوانن بە ئاشکرا سەرپێچی فەرمانەکەی خواوەند بکەن، کەچی بە چرپە چرپ دەست بە ناڕەزایی دەربڕین دەکەن. بۆیە لەو کاتەوە هەرکە مرۆڤ لە

کۆمەڵە درەختێك نزیك ببێتەوە بۆ ماوەیەك گوێی لێ دەبێت لە ناو خۆیاندا چرپە چرپ دەکەن، بە ڕاستی ئەوە ناڕەزایی سەبارەت بەو مامەڵە دڵڕەقانە دەردەبڕن کە لەچارەیان نووسراوە لەسەر دەستی مرۆڤ ببیینن.

سەرچاوە:

www.madeed.com

# دەربەدەری



# حەقایەتێکی گریکی کۆن

## دەربەدەری

مشك لە ژێر درەختێکی ناو دارستاندا نووستبوو. بایەك هەڵیکردو بە نێو گژو گیاکاندا ڕۆیشت و لقێکی درەختەکەی هەڵکەند کە مشکەکەی لەژێردا نووستبوو. لقەکە کەوتە خوارەوە بۆیە مشکەکە لە خەو ئاگەدار بووەوەو لە ترساندا هەڵات.

لەکاتی هەڵاتندا تووشی بە تووشی کەروێشکەوە بوو. کەروێشك لێی پرسی: بۆچی وا خێرا هەڵدێیت؟

ــ چونکە با هەڵیکردو لقی درەختەکەی شکاند کە لە ژێریدا دەنووم، لقەکەیش بەسەر مندا کەوتە خوارەوە.

کەروێشکەکە لەگەڵ مشکەکەدا دەستیان بە ڕاکردن کرد. لەو کاتەدا کە ڕایان دەکرد تووشی سەگ هاتن. پرسیاری لێ کردن: بۆچی وا بە خێرا هەڵدێن؟

کەروێشکەکە بەرسڤی دایەوەو گوتی: کاتێك مشك لەخواری درەختەکەوە نووستبوو، درەختەکە لەسەرەوە لە ڕیشە هەڵکێشراو وەنەبوو ئەوو هەموو ئەو گیانلەبەرانە بکوژێت کە لەگەڵی بوون.

بۆیە سەگەکەیش لەگەڵ مشك و کەروێشکەکەدا لە ترسی تووڕەیی با دەستی بە هەڵاتن کرد.

لە کاتێکدا سەگ و کەروێشك و مشکەکە هەڵدەهاتن، بزن بوو بە تووشیانەوە، لێی پرسین: چی ڕووی داوە وا خێرا تێی دەتەقێنن؟


سەگ بە هەناسەبڕکێ بەرسڤی دایەوە: لەبەر ئەوە خێرا تێی دەتەقێنین، چونکە کاتێك مشکەکە نووستبوو، هەستی بە بوومەلەرزەیەك کردو تەماشای کرد درزێکی گەورەی لە ناو عەرددا بینی وەنەبوو هەموو گیانلەبەرانی دارستان لوول بدات.

بزنیش لەگەڵ ئەو گرووپەدا دەستی بە ڕاکردن کرد، تا وای لێهات هەر گیانلەبەرێك دەهاتە ڕیزی گرووپەکەوە ڕووداوەکەی ئەوەندەی دیکە قەبەتر دەکردەوەو بەسەرهاتەکەی دەگۆڕی، جا چ ئەرکێك هەیە بتوانێت لەم دەربەدەرییەیان قوتار بکات ؟

سەرچاوە:

www.madeed.com

# بەسەرهاتی ئەو کوڕەی زمانی باڵندە تێدەگات



# حەقایەتێکی فۆلکلۆری لە ئەمەریکای لاتینەوە (مایا)

# بەسەرهاتی ئەو کوڕەی زمانی باڵندە تێدەگات

لەدێر زەماندا کوڕێکی بچووك هەبوو ڕۆژانە لەگەڵ باوکیدا دەچووە ناو کێڵگە. هیچ سکاڵای نەدەکردو هیچ بێزار نەدەبوو تەنانەت ئەگەر باوکی هەڵس و کەتی باشیشی لەگەڵ نەکردایە، بایەخ و گرنگی ڕێز لێگرتنی دایك و باوکی باش دەزانی. نیوەڕوان لە کاتی نان خواردندا لەگەڵ باوکی لەژێر درەختێکی گەورەدا دادەنیشت و شلەی گەنمە شامی و ئەو پارچە نانی (تورتی) و پاقلەو سەوزەیان دەخوارد. لەو کاتەدا پاسارییەکی جوان دەهات و دەچووە سەرچڵی درەختەکەو هەموو ڕۆژێك بە هەمان شێوە دەیخوێند

کاتێك کوڕەکە باش گوێی لەو گۆرانییە دەگرت کە پاسارییەکە دەیچڕی بزەی دەهاتێ و پاشان بە کپی پێدەکەنی تا باوکی تێبینی نەکات. هەموو ڕۆژێك ئەمە ڕووی دەدا، کوڕەکە باش گوێی لە گۆرانی پاسارییەکە دەگرت و پێدەکەنی بە شێوەیەك باوکی بێزار نەبێت.

جارێکیان پیاوەکە لە کوڕەکی دەپرسێت: ئەم پاسارییەی گۆرانی دەچڕێت، دەیەوێت چیمان پێ بڵێت؟

کوڕەکە دەڵێت: تەنیا دەیەوێت گۆرانی بڵێت و هیچی دیکە نا.

باوکە دەپرسێت: کەواتە بۆچی هەرکە گۆرانی دەچڕێت تۆ بزەت دێتێ و پێدەکەنیت؟

کوڕە دەڵێت: لەبەر ئەوەی حەز دەکەم گوێ لە گۆرانییەکەی بگرم، هەر لەبەر ئەوە.

باوکە بە تووڕەییەوە بەسەریدا هەڵدەشاخێت: مادامەکێ حەز لە گۆرانییەکەی دەکەیت ئەوە بێگومان ئەو شتێك دەڵێت، پێم بڵێ پاسارییەکە چی دەڵێت، پێم بڵێ.

کوڕەکە کە لە ترساندا وەك بیی نێو ئاو دەلەرزی، دەڵێت: هیچ ناڵێت، من نازانم چی دەڵێت.

باوکە بە هەڕەشەوە دەبێژێت: مەکۆشە شتم لێ بشاریتەوە، پێم بڵێ چی دەڵێت، ئەگینە ئێستە داتدەپلۆسێنم.

کاتێك کوڕەکە لە ترسی هەڕەشەی باوکی دەبێژێت: پاسارییەکە دەڵێت کە پێویستە تۆ هەموو ڕۆژێك سڵاوم لێ بکەیت.

ئەو کات پیاوەکە پتر تووڕە دەبێت و بە ڕووی کوڕەکەیدا هەڵدەشاخێت: سڵاو لە تۆ بکەم؟ چۆن مەبەستت چییە.

کوڕەکە: سڵاوم لێ بکەیت، پێم بڵێیت ئەم کاتەت باش.

باوك: کەی باوك سڵاوی لە کوڕی خۆی دەکات.

کوڕەکـە: نـازانم بـەڵام تـۆ لەسـەر ئـەوە سـوور بوویـت پاسـارییەکە چی دەڵێت و ئەوەتە من پێت دەڵێم.

ئـەم ڕووداوە ئەوەنـدەی دیکـە باوکەکـەی کەللـە ڕەقـتر کـردو وای لێهـات بـە چـاوێکی سـووکترەوە تەماشـای کوڕەکـەی خـۆی بکـات و هەڵس و کەوتی لەگـەڵ بکـات و سـووکایەتی پـێ بکـات بۆیـە کوڕەکـە نەیتوانی بەرگەی ئـەو سـووکایەتیە بگرێـت. کوڕەکـە گوندەکـەی بـەجێ دەهێڵێـت و چـوو، بـێ بـاوك و دایـك وێـڵ و سـەرگەردان ڕووی کـردە وڵاتانی جیهان. تا خۆی لـە وڵاتێکـی پـان و بەریـنـدا بینییـەوە. پاشـای ئـەو وڵاتـە جـاڕی دابـوو خـەڵاتێکی گـەورە بـەو کەسـە دەبەخـشێت زمـانی باڵنـدەو پەلـەور بزانێـت. هـەر کەسـێك زمـانی باڵنـدە بزانێـت کیژە جوانەکەی خۆی پێشکەش دەکات.

ژمارەیـەکی زۆر لاو لـە وڵاتـانی دوورەوە هـاتن و هـەر هـەمویان نەیانتوانی پاشا قایـل بکـەن. بەڵگـەیش ئـەوەبوو ئـەو باڵندانـە دەهـاتن و دەنووکیان لە پەنجەرەکەی دەداو دەیانزیکاندو بێزاریان دەکرد.

کوڕەکـــە دێتـــە لای پاشـــا و داوای لێـــدەکات بەشـــداری لـــەو کێبەرکێیەدا بکـات. کوڕەکـە گـوێ بـۆ قـسەی پاشـا شـل دەکـات کـە چـۆن ئـەو دوو باڵنـدە دێنـە لای پەنجەرەکـەی و بەشـێوەیەك دەجرێـوێنن هەست بکات دەیانەوێت شتێکی پێ بڵێن کە ئەو تێی ناگات.

کوڕەکـە بـەیانی کاتێـك هـەردوو باڵندەکـە دێنـە لای پەنجەرەکـەی پاشا گوێیان لێ دەگرێت.

کوڕە بە پاشا دەڵێت: باڵندە نێرەکە دەڵێت کە مێیەکەی وازی لێ هێناو هەردوو بێچووەکەی بەجێ هێشتووە لەکاتێکدا هێلکە بوونەو پێویستیان بە گەرمی ناو هێلانە هەبووە. بۆیە بەخۆم لەسەر هەردوو هێلکەکە کڕکەوتم تا دوو بێچوویان لێ هەڵهێنا: نێرو مێیەك کە ئەوانیش بێچووی منن.

باڵندە مێیەکەیش دەڵێت: من ئەو هێلانەم بۆ ئەو بەجێ هێشتووە چونکە مێردەکەم خواردنی بۆ ئامادە نەدەهێنام، بەتوورەییەوە هێلانەکەو ئەوەی تێیدا بوو بەجێم هێشت. ئێستەیش ئەو دوو باڵندە جوانە کوڕو کیژی منن و دەمەوێت بیانبەمەوە.

شا بە کوڕەکە دەڵێت: ئێستە چیمان پێدەکرێت؟

کوڕەکە خێرا بەرسڤ دەداتەوە: دایکەکە کوڕەکەی خۆی دەبات و باوکەکەیش کیژەکەی خۆی دەبات. بۆیە شا کیژەکە باوکەکە دەدات و کوڕەکەیش بە دایکەکە دەدات. ئیدی باڵندەکان بەو بڕیارە شاد دەبن و چی دیکە لە پەنجەرەوە شا بێزار ناکەن.

وەك چۆن شا بەڵێنی بە کوڕەکە دابوو کیژە جوانەکەی بخوازێت، زەماوەندو شاییەدکی گەورەی بۆ ژنهێنانی ئەو کوڕە لە کۆشکەکەیدا ڕێکخست کە زمانی باڵندە تێدەگات و کیژەکەی خۆی لێ مارە بڕی.

ڕۆژی شاییەکە خەڵك لە وڵاتانی دەورو بەرەوە هاتن پیرۆزبایی لێ بکەن و بەشێوازی ڕەفتاری ئەو وڵاتە سڵاویان لە بووك و زاوا دەکرد کە دەنووشتانەوە.

کوڕەکە پیرەمێردێکی بینی دەستی پیرەژنێکی گرتووەو پاڵەپەستۆ دەکەن بۆ ئەوەی سڵاوو پیرۆزبایی لە بووك و زاوا بکەن، یەکسەر کوڕەکە دەیانناسێتەوە. کاتێك دایك و باوکی دەگەنە بەردەم کوڕەکەیان باوکەکە بە جەستە لاوازەکەیەوە دادەنووشتێتەوە سڵاو لە کوڕەکەی بکات، بەڵام کوڕەکە دەستی دەگرێت و دەبێژێت: نا بابە بۆ سڵاو لێ کردنم دامەنوشتێوە چونکە من کوڕی تۆم. ئەدی ئەو کاتە وات پێ نەکوتم کە زمان پاسارییەکەم بۆ وەرگێڕایت؟


باوکەکە لە پڕمەی گریان دەدات و داوا لە کوڕەکەی دەکات لەو خراپ هەڵس و کەوتەی لەگەڵی کردبوو ببوورێت.

کوڕەکە دەڵێت: بابە خەمت نەبێت تۆو دایکم لەمڕۆوە دێن و بە شادومانی و بەختەوەری لەگەڵ ئێمە لەم کۆشکە دەگوزەرێنن.

ئەمە بەسەرهاتی ئەو کوڕە بوو کە زمانی باڵندەی دەزانی. منیش کلاشم دڕا، هیچم پێ نەبڕا.

سەرچاوە:( www.madeed.com)

# کەشتییەکی سیحرلێکراو



# حەقایەتێکی فۆلکلۆری لە پورتوگالەوە
# کەشتییەکی سیحرلێکراو

پیاوێکی خەڵکی گوند ڕاهاتبوو بۆ ڕاوەماسی بچێتە شوێنێکی دووری کەنار دەریا، ڕۆژێک لە ڕۆژان هەست دەکات شتێکی گەورەی قورس بە قولابەکەیەوە بووە، ڕایدەکێشێتە کەنارو دەیبینێت. شتە قورسەکە سندوقێک دەبێت، سندووقەکە بە کۆڵدا دەدات و بەرەو ماڵ دەبێتەوە، لە ماڵەوە بە بەردێک تێی بەر دەبێت. ژنەکەی ڕێنوێنی دەکات:

ـ وا مەکە، بەو کارەت سەرمان دەبەیت.

کە شەو دادێت، پیاوەکە لەسەر جێگەکەی ڕادەکشێت، هێشتە هەر ئێوارە دەبێت، گوێی لە هەراو هوریایەك دەبێت، لەسەر جێگەکە هەڵدەستێت تا بزانێت چ ڕوو دەدات، ئەو کات دوو فریشتە دەبینێت، هەر یەکەو تاجی خۆی لەسەر ناوە، هەردووکیان بەشەڕ دەهاتن. لەناکاو ڕووناکی دەکوژێتەوەو هەردوو فریشتەکە بزر دەبن. بەرەبەیان لە سکاڵاو بۆڵەبۆڵی ژنەکەیدا بەئاگەدێت و ژنەکەی پێی دەڵێت:

ـ تۆ بەڵایەکت هێناوەتە ماڵ.

هەرکە پیاوەکە لە سەر جێگەکەی ڕاست دەبێتەوە یەکسەر سندووقەکە نزیک دەکاتەوە، دواتر قوفڵەکەی دەشکێنێت، چی ببینێت باشە، شازادەیەك لەناو سندووقەکەدا دەبینێت، لەسەر قەنەفەیەك ڕاکشاوە و، توورەکەیەك پارەی لەبەر پێدا دانراوە. ڕاوچییەکە توورەکە پارەکەی لێوەردەگرێت و شازادە پێی دەڵێت بەکەس نەڵێت کە ئەو لە ماڵی ئەوانە. لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا ماڵە نەدارەکە دەبێتە ماڵێکی دەوڵەمەند.

بەڵام ئەوەندە نابات پارەکەیان نامێنێت، ڕاوچی دەچێت لای شازادە سکاڵا دەکات و پێی دەڵێت پارەکەیان تەواو بووە، شازادە پەڕێك لەو کتێبەی پێی دەبێت دەکاتەوەو بە ڕاوچییەکەی دەدات و پێی دەڵێت بە بەلەمەکەی ئەو پەڕە لەگەڵ خۆی ببات و، پەڕەکە بخاتە ناو دەریاوەو بە بەلەمەکەی لەدووی بچێت تەنیا لەو شوێنە ڕاوەستێت کە پەڕەکەی لێ ڕادەوەستێت. شازادە چی پێ دەڵێت وا دەکات. لەو شوێنەی کە پەڕەکە ڕادەوەستێت کەشتییەکی جوان دەردەکەوێت. بەلەمێك لە کەشتییەکەوە بەرەو لای ڕاوچییەکە دێت و ڕاوچی دەبات، کە هەرکە دەگاتە سەر پشتی کەشتیەکە، دەڕوات تا لە هۆڵێکدا ڕادەوەستێت کە شاژنی تێدا لەسەر نوێنێك ڕاکشاوە. شاژن لێی دەپرسێت:

- کیژەکەی من لە ماڵی تۆیە؟

ڕاوچییەکە وەڵام دەداتەوە:

- بەڵێ.

ــ کەواتــە نابێــت هــیچ شــتێك لــەبارەی ئــەوەوە لای کــەس بــاس بکــەیت، چــونکە ڕۆژێــك لــە ڕۆژان هــەر دەڵێیــت. پــاش ئــەوەی تەماشــای پــەڕە کاغــەزەکــە دەکــات کــە شــوێنەکەی پێشان ڕاوچییەکە داوە، توورەکەیــەك پــارەی پــێ دەدات و داوای لێ دەکــات بــە نــاوی ئەوەوە سڵاوو خۆشەویستی بەکیژەکەی بگەیەنێت.

هەرکە ڕاوچی دەگاتــە ماڵــەوە ســڵاوی شــاژنی دایــك بــە شــازادەی کــچی ڕادەگەیــەنێت کــەلای وی بەنــدەو توورەکــە پارەکەیــشی پــێ دەدات، پاشان هەموو ئــەو بەســەرهاتەی بــۆ دەگێڕێتــەوە کــە لــە ڕێگــە تووشی هاتوون، بۆیە کیژەکە نهێنییەکی لا دەدرکێنێت:

ـ ڕۆژێك دێت ئەو سیحرەی لێی کراوە بەتاڵ بکەمەوە.

لەو ڕۆژگارەدا پاشای ئــەو وڵاتــە دەچــێتە ڕاوو دەگاتــە نزیــك مــاڵی ڕاوچــییەکە کــە شــازادەکەی تێدایــە. زۆری لا ســەیر دەبێــت کــە خانوویــەکی لــەو جــۆرەی جــوان لــە لادێ ببینێــت، خزمــەتکارەکانی بــە دوای ڕاوچیدا دەنێرێت، کــە ڕاوچــی دێــت پاشــا پێــی ڕادەگەیــەنێت کــە بڕیــاری داوە نــانی نیــوەڕۆ لــە مــاڵی ئــەوان بخــوات. ڕاوچــی بــە شــپرزەیەوە دەگەڕێتــەوە مــاڵ و، دەچــێتە لای شــازادەو ، ئــەوەی پــێ ڕادەگەیــەنێت، شــازادەیش دڵنیــای دەکاتــەوە کــە هــیچ نەترســێت و، ئەو بەخۆی هەموو شتێك ڕێك دەخات.

پاشــا دێتــە ژوورەوە خــوانێکی بەرچــاو دەکــەوێت بــە زەوقێکــی بــەرز ڕازێنراوەتــەوەو، تێبینــی دەکــات هــەر گۆشــەیەك لــە گۆشــەکانی خوانەکــە پــەڕە کاغــەزێکی لەســەرەو لــەو شــوێنەی ئــەو دادەنیــشێت

پەرداخێكی پاشایانەی لێ دانراوە، لە ڕاستیدا پاشا سەری سوڕدەمێنێت و لە ڕاوچی دەپرسێت:

ـ ئایە كەسایەتییەك لە ماڵەكەتدایە شازادە بێت؟

كاتێك ڕاوچی وەڵامی پاشا دەداتەوە: نا. پاشا پێی دەڵێت: نكوڵی مەكە، چونكە من ئەوەم لە شێوازی ڕازاندنەوەو ئامادەكردنی خوانەكە زانی.

پاشاو یاوەرەكانی تێر دەخۆن و دەخۆنەوە، بەڵام لەكاتی ڕۆیشتندا، پاشا هەست بە دەنگی بەرزی دەرگەیەك دەكات پێوە دەدرێت، بۆیە حەز دەكات بزانێت چی لەودیوی دەرگەكەوەیە، شازادەیەكی زۆر جوان دەبینێت.

پاشا دەیەوێت قسەی لەگەڵ بكات، بەڵام ڕاوچییەكە داوای لێبوردنی لێ دەكات و دەڵێت حەز ناكات كەس قسەی لەگەڵ بكات. پاشا دەڕوات و، ڕاوچی بۆ لای شازادە دەگەڕێتەوەو بەسەرهاتی نێوان خۆی و پاشا دەگێڕێتەوە. شازادەیش بەرسڤی دەداتەوە كە ئەو لە هیچ ترسی نییە، چونكە دەبوو بە لایەنی كەمەوە یەك پاشا بزانێت كە ئەو لێرەیە.

هەركە پاشا دەگاتەوە كۆشكی خۆی ، ئەو ڕووداوە بۆ كوڕەكەی خۆی دەگێڕێتەوە، بێ ئەوەی بە درێژایی قسەكانی لەپێداهەڵدانی جوانی شازادە بكەوێت، بۆ ئەوەی ڕاستگۆیی خۆی بسەلمێنێت، بەدوای شازادەو ڕاوچیدا دەنێرێت كە بەوپەڕی شادومانییەوە پێشوازییان لێ دەكات.

یەکسەر کوڕی پاشا هەست بەوە دەکات کە خۆشەویستی شازادەکەی چووەتە دڵەوەو دەیەوێت ببێتە هاوسەری، بۆیە دەیخوازێت.

شازادە بە مێردەکەی دەڵێت کە میرە:

ــ ئێستە پێویستە بچین تا سیحر لێکراوی دایکم بەتاڵ بکەینەوە.

هەردووکیان سواری کەشتییەك دەبن، شازادە پەڕە کاغەزێك لە پەڕە کاغەزەکانی ئەو کتێبەکەی فڕێ دەداتە دەریاوە، ڕاناوەستن لەو شوێنە نەبێت کە پەڕە کاغەزەکەی لێ رادەوەستێت، ئەو کات ئەو کەشتییە دەردەکەوێت کە شاژنی دایکی شازادەی تێدایە، کاتێك بەیەك دەگەن، دایکەکە زۆر بە دیداری کیژەکەی خۆی شادومان دەبێت کە بۆ لای گەڕاوەتەوە.

شاژن لەلایەن هەردوو مامەکەیەوە سیحری لێ کرابوو، ئەو دووانەی کە ڕاوچییەکە بینینی، کاتێك لەخەو بێدار بووەوەو بینی بەشەڕ دەهاتن و یەیکێکیان دەیویست سیحرەکە بەتاڵ بکاتەوەو ئەوەکەی دیکە بەرهەڵستی دەکرد.

سەرچاوە: www.alarabimag.net

# نووسەر لەچەند دێڕێکدا



ســاڵی ١٩٥١ لەناوچــەی بنکــوورەی ســەر بــە قــەزای خانــەقین لەدایکبووە .

ســاڵی ١٩٦٣ خوێنــدنی ســەرەتایی لــە قوتابخانــەی گونــدی گۆڕەشەلەی کەناری زێی سیروان لە ناوچەی خانەقین تەواوکردووە.

قۆنــاغی خوێنــدنی ناوەنــدی و ئامــادەیی لــە شــاری خانــەقین تــەواو کردووە .

ســاڵی ١٩٧٠ چــووەتە بەشــی کــوردی کۆلێــژی وێــژەیی زانکــۆی بەغــداو لــە ســاڵی ١٩٧٤دا بەکالۆریۆســی زمــان و وێــژەی کــوردی وەرگرتووە .

لەساڵی ١٩٧٠وە دەستی بە نووسین کردووە .

لە زۆربەی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکاندا بەرهەمی وێژەیی و شیعرو بابەت و وتاری هەمەجۆری بڵاوکردووەتەوەو بەرهەمێکی زۆری شاعیران و چیرۆکنووسانی کوردی کردووەتە عەرەبی و بڵاوی کردوونەتەوەو لە سایتی ئینتەرنێت بەرچاو دەکەون و چەند بەرهەمێکی دەستنووسی هەیە چاوەڕێی چاپ دەکەن ، ئەم بەرهەمانەشی چاپ کردووە

کۆشیعری شەپۆلی ئاواز ساڵی ١٩٧٨ بەغدا .

کۆشیعری ژیلەمۆی ڕاز ساڵی ١٩٨٠ بەغدا .

کۆشیعری بەردەباز ساڵی ١٩٨٦ بەغدا .

کۆشیعری خۆر کۆچ ناکات ساڵی ١٩٨٧ بەغدا .

کۆشیعری ڕێس ساڵی ١٩٩٧ هەولێر .

کۆچیرۆکی مەرگەمووش ساڵی ٢٠٠٠ هەولێر .

کۆ شیعری ئەفسانەی سێو ساڵی ٢٠٠٥ هەولێر .

دەستووری سشیکردنەوە لە زمانی کوردیدا ٢٠٠٨ هەولێر.

مامۆستای زمان و ئەدبی کوردی و ڕۆژنامەنووسیشە .

ئێستە لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)یە.

خەونەکەی دارا، کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان ٢٠١٠ز.



لەسەر ئەرکی موحسین چینی چاپکراوە

چاپخانەی شەهاب - هەولێر